Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10304

# پەیوەندی و ململانێی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان (١٩٩٤ – ١٩٩٨)

**ئارام عەلی مستەفا، شاڵاو ئیبراهیم عەزیز**

بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

ڕووداوەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسی باشوری کوردستان، لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان کاریگەریی زۆری لەسەر پەیوەندی و ململانێی نێوان پارتە سیاسییەکان لە باشوری کوردستان هەبوو؛ هەروەها ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆی کایە سیاسییەکان لە باشوری کوردستان هەبوو. پەیوەندی و ململانێی نێوان پارتە سیاسییەکان بەتایبەتی و بارودۆخی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی لە باشوری کوردستان، بە گوێرەی دەسەڵات و توانا و هێزی پارتە سیاسیەکان، گۆڕانکاریی بەخۆوە بینیوە؛ هەندێکجار پەیوەندییەکان باش بووە و هەندێکجاریش خراپ بووە، تا ئەو ئاستەی شەڕی ناوخۆی و براکوژیی لێکەوتوتەوە. یەکێک لەو پەیوەندی و ململانێیانەی گۆڕەپانی سیاسی باشوری کوردستان پەیوەندی و ململانێی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان(پ. د. ک.) و پارتی کرێکارانی کوردستان(پ. ک. ک.) لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٤- ١٩٩٨)، وەک دوو پارتی سیاسی چەکدار و دوو ئایدۆلۆژیای جیاواز، کاریگەرییان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی باشوری کوردستان هەبوو.

پەیوەندی و ململانێی نێوان هەردوو پارتی ناوبراو بە گوێرەی سەردەمەکان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە. لە دوای کودەتای سەربازیی تورکیا لە ساڵی (١٩٨٠) و هاتنی گەریلاکانی (پ.ک. ک.) بۆ باشوری کوردستان لە ناوچە سنورییەکانی نزیک لە دەسەڵاتی (پ.د.ک.)، لە ساڵی (١٩٨١) تا وەکو ڕاپەڕینی (ئازاری ١٩٩١) لە باشوری کوردستان، پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا دۆستانە بوو. بەڵام لەو کاتە بە دواوە پەیوەندییەکانی نێوانیان بەرەو ئاڵۆزیی ڕۆیشت، بەتایبەتی لە دوای کشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق لە ناوچەکانی باشوری کوردستان لە (تشرینی یەکەمی ١٩٩١) و دروستبوونی بۆشایی دەسەڵات لە ناوچە سنورییەکان و زۆرتر هاتنە ناوەوەی گەریلاکانی (پ.ک.ک.) بۆ ناوچە سنورییەکان.

کاریگەریی هاتنە ناوەوەی (پ.ک.ک.) بەشێوەیەک بوو، بووە هۆی دروستبوونی یەکەم شەڕی ناوخۆی پارتە سیاسیەکانی باشوری کوردستان (تشرینی یەکەمی ١٩٩٢) ئەویش شەڕی نێوان (پ.د.ک.) و (پ.ک.ک.) بە هاوبەشی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان(ی.ن.ک). پەیوەندی نێوان هەردوولا بە ئاڵۆزی مایەوە تا کاتی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) لە (ئایاری ١٩٩٤) و کاریگەریی شەڕی نێوان یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان(ی.ن.ک) و (پ.د.ک) لەسەر (پ.ک.ک) و دروستبوونی شەڕ و ململانێ لە نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) لە ساڵی (١٩٩٥) و بەردەوامی شەڕ و ململانێ نێوانیان تا (ئەیلولی ١٩٩٨)

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

(پ.د.ک)، (پ.ک.ک)، (ی.ن.ک)، پەیوەندیی و شەڕی ناوخۆیی، سوپای تورکیا، کەمپی ئەتروش.

***Corresponding Author***

aram.mustafa@univsul.edu.iq

shalawibrahim39@gmail.com

## پێشەکی

پێشهات و پەرەسەندنە سیاسییەکانی باشوری کوردستان لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان کاریگەریی گەورەی لەسەر جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان دروستکرد، بەرپابوونی راپەرینی (ئازاری1991) و کشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق لە (تشرینی یەکەمی 1991) و بەرێوەچوونی یەکەمین هەڵبژاردن لە (ئایاری 1992) و دروستبوونی یەکەمین پەرلەمان و حکومەتی هەرێم، لە مێژووی پارتە سیاسییەکان لە باشوری کوردستان، بە قۆناغێکی نوێ دادەنرێت، هەرچەندە ئەم قۆناغە تا (ئایاری 1994) درێژەی کێشا دواتر بەهۆی شەڕی ناوخۆیی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) قۆناغێکی نوێ لە ململانێی پارتە سیاسییەکان لە باشوری کوردستان دەست پێدەکات، کە تا (ئەیلولی 1998) درێژەی کێشا.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ توێژینەوە (پەیوەندی و ململانێی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ک) و پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک)(1994- 1998) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە تاوەکو ئێستا بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی و لە چوارچێوەی توێژینەوەدا باس لە پەیوەندی و شەڕی ناوخۆیی نێوان ئەم دوو پارتە نەکراوە، ئەوەشی، کە تاوەکو ئێستا نووسراوە، زۆرتر لایەنگیریی حزبی و ئایدۆلۆژی پێوە دیارە، ئەویش تەنیا لە چوارچێوەی باسکردن لە مێژووی پارتەکان بووە، هەروەها زۆر گرنگە بەشێوەیەکی زانستی و دوور لە دەمارگیریی و لایەنگیریی بۆ پارتێکی دیاریکراو، باس لە پەیوەندی و شەڕی ناوخۆیی نێوان هەردوو پارتی ناوبراو بکرێت.

### پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوە لە پێشەکییەک و دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، بەم شێوەیە:

لە تەوەری یەکەمدا باس لە پەیوەندی و شەڕی ناوخۆیی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) لە ساڵانی (1994- 1995) لە باشوری کوردستان کراوە؛ لە تەوەری دووەمدا باس لە پەیوەندی و شەڕی ناوخۆیی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) لە ساڵانی (1996- 1998) و کاریگەریی شەڕی ناوخۆیی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) لەسەر (پ.ک.ک) کراوە.

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پشتمان بە کۆمەڵێک سەرچاوە و یاداشتی سیاسییەکان و رۆژنامە فەرمییەکانی هەردوو پارت (پ.د.ک - پ.ک.ک) و چاوپێکەوتن بەستووە.

### تەوەری یەکەم: پەیوەندی و شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) (١٩٩٤– ١٩٩٥):

دروستبوونی شەڕی ناوخۆ لەنێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) لە (1/ ئایاری 1994) لە قەڵادزێ و دواتر تەشەنەسەندنی شەڕەکە بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان و درێژبوونەوەی شەڕ بۆ ماوەیەکی زۆر لە نێوان هەردوولادا، شتێک نەما بە ناوی حکومەتی هەرێمەوە، چونکە حوکمی میلیشیا هاتە ئاراوە و کۆنترۆڵکردنی ناوچە سنوورییەکان لە دەستی حکومەتدا نەما، جۆرێک لە بۆشایی دەسەڵات لە ناوچە سنوورییەکاندا دروستبوو، هەربۆیە بە کردەیی دەرفەت لە بەردەم (پ.ک.ک)دا رەخسا، تا باشتر خۆی لە ناوچەکانی بادینان و ناوچە سنوورییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا قایمتر بکات. (عبدالکریم، ٢٠١٥: ل٢٦٣)

ئەگەر چی (پ.ک.ک) بە فەرمی دژی هەڵگیرسانی ئەو شەڕە بوو، پێی وابوو بە زیان بۆ نەتەوەی کورد دەشکێتەوە و بەشێکە لە پیلان و تەڵەکەی دوژمنانی کورد بۆ دەستگرتن بەسەر دەستکەوتەکانی گەلی کورددا لە باشوری کوردستان. (عبدالکریم، ٢٠١٥: ل٢٦٣) لە (7/ ئایاری 1994) (پ.ک.ک) لەگەڵ (11) پارتی کوردیدا بەیانێکیان دەرکرد و تیایدا سەرکۆنەی شەڕی براکوژییان کرد. هاتنەکایەی ئەو بارودۆخە لە باشوری کوردستان مانای رەخساندنی هەل بۆ هەر ئایدۆلۆژیایەک یان پارتێک بوو، کە مەبەستێکی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا هەبێت و بیەوێت پێگەیەک بۆ خۆی بکاتەوە. سەبارەت بە (پ.ک.ک) دۆخەکە بە جۆرێک بوو، هەلێک بوو دووبارە نەدەبووەوە و (پ.ک.ک) دۆخەکەی قۆستەوە و ریزەکانی خۆی رێکخستەوە و هەڵمەتێکی گەورەی بۆ راکێشانی ئەندام و لایەنگر بەتایبەتی لە نێو ریزی ئەو گەنجانە دەستپێکرد، کە لە شەڕی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) نارازی بوون. (فیان، ٢٠١٢: ل٩٩)

لە بارودۆخێکدا، کە (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) لە شەڕێکی قورسی ناوخۆییدا بوون، (پ.ک.ک) رایگەیاند، کە کۆنگرەی پێنجەمی خۆی دەبەستێت و لە (8- 27/ کانوونی دووەمی 1995) بە بەشداری (317) ئەندام کۆنگرەکەی خۆی بەست. کۆنگرە چەندین بڕیاری چارەنووسازی دا، کە راستەوخۆ پەیوەندی بە دوارۆژی پارتەکە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێزە کوردییەکانی تردا لە باشوری کوردستان هەبوو. کۆنگرە بڕیاری دا خەباتی خۆی لە باشوری کوردستاندا پەرەپێبدات و چارەسەرێک بۆ دۆخی باشور بدۆزێتەوە، کە لە سایەی ئەو شەڕەی لەنێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) رووی دابوو. (جلیل، ٢٠١٢: ل٢١٠-٢١١)

لە دوای کۆنگرەی پێنجەمی (پ.ک.ک) کۆمەڵێک هەنگاوی گرنگیان نا، لەوانە پێکهێنانی یەکەم پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات و یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی لە (نیسانی 1995) لە

شاری لاهای هۆڵەندا کرد و هەروەها لە بواری ڕاگەیاندنیشدا کردنەوەی یەکەمین کەناڵی ئاسمانی کوردی (MED-TV) لە (ئازاری 1995). (فیان، ٢٠١٢: ل٩٩ ؛ جلیل، ٢٠١٢: ل٢١١)

جگە لەو هەنگاوانەی سەرەوە (پ.ک.ک) لە باشووری کوردستاندا هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوە، وێڕای کردنەوەی لقی باشوری مەڵبەندی ڕۆشنبیری میزۆپۆتامیا و هەروەها بڕیاری دامەزراندنی ڕێکخراوێکیان بۆ باشوری کوردستان دا بەو ئامانجەی بارودۆخی شەڕی ناوخۆی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) کە لە (ئایاری 1994) بەرپابوو بیقۆزێتەوە و لەسەر حیسابی ئەو دوو پارتە دەسەڵات لە ناوچە سنوورییەکانی باشوری کوردستاندا پەیدابکات، پارتە بچووکەکانی باشوری کوردستان کۆبکاتەوە و سەرپەرشتیان بکات و وەک هێزی سێیەم لە ناوچەکانی باشوری کوردستاندا دەربکەوێت. (فیان، ٢٠١٢: ل٩٩ ؛ جودی، ٢٠١٧: ل٣٥١)

هەر لە هەمان ساڵدا پارتێکی نوێیان دامەزراند با ناوی (یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان) (YNDK) دامەزراندنی ئەم پارتە یەکێک بوو لە بڕیارەکانی کۆنگرەی پێنجەمی (پ.ک.ک) لە ساڵی (1995) و لە (21/ ئازاری 1995) دامەزرا، لە ئەنجامی شکستی ڕێکخستنەکانی پارتی ئازادی کوردستان (پاک) لە باشوری کوردستان، پارتی (YNDK) پارتێکی سیاسی بوو وەک بەردەوامییەک بۆ پارتی ئازادی کوردستان، ئامانج لە دامەزراندنی ئەم پارتە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسییە بوو کە لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆیی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)دا لە ناوچەکەدا دروست ببوو. (کاوە علی) نازناوی حزبی (د.سیروان) سکرتێری ئەم پارتە بوو، بەپێی وتەی جەمیل بایک ئەم پارتە جیاواز لە پارتی ئازادی کوردستان (پاک) زیاتر ڕێکخستنێکی سیاسی بوو لە بری ڕێکخستنێکی ئایدۆلۆژی و جگە لە ئەندامانی (پاک) کەسانی سەر بە (پ.دک) و (ی.ن.ک) تێیدا ئەندام بوون. (جودی، ٢٠١٧: ل٣٥١ ؛ جلیل، ٢٠١٢: ل ٢١٢)

لێرە بەدواوە (پ.ک.ک) بوو بە خاوەنی چەندین بنکە و بارەگا بەتایبەتی لە ناوچە سنوورییەکانی باشوری کوردستان و کادرکانی دەستیانکرد بە ڕێکخستنی کۆڕ و سیمینار بۆ ڕاکێشانی خەڵکی بۆ ڕیزەکانیان کە بە ناوی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، هەروەها لە بەیانێکدا داوایان لە خەڵکی باشوری کوردستان کرد کە بێنە ڕیزی پارتەکەیانەوە و ئاماژەین بەوە دابوو، کە هەریەکە لە (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) سەرقاڵی شەڕی ناوخۆن و ناتوانن بارودۆخەکە باش بکەن و چارەسەرێک بدۆزنەوە و ئاشتەوایی لە باشوری کوردستان بەدیبهێنن، ئەوەی (پ.ک.ک) لە کۆنگرەی پێنجەمی بڕیاری لەسەر دابوو، لە دوای جێبەجێکردنی لەسەر ئەرزی واقیع، پێکدادانی تازەی لەگەڵ (پ.د.ک) دروست دەکرد، چونکە زۆربەی چالاکییەکانیان دەکەوتنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (پ.د.ک). (فیان، ٢٠١٢: ل٩٩ ؛ جلیل، ٢٠١٢: ل ٢١٢)

بەپێی سەرچاوەکانی (پ.د.ک) لە ساڵی (1995)دا ژمارەی هێزە سەربازییەکانی (پ.ک.ک) لە ناوچە سنوورییەکانی باشوری کوردستاندا نزیکەی (3000- 4000) گەریلا بووە، لەگەڵ بوونی دەیان کۆگای چەک و تەقەمەنی و مەوادی خۆراکی و لە ڕووی ڕێکخستنیشەوە، ڕێکخستنەکانیان لە باشوری کوردستاندا زۆر فراوانتر بووە، بەتایبەتی لە ناوچەکانی دهۆک و هەولێر. هەر لەو ماوەیەدا پتر لە (5) ئەندامی سەرکردایەتی (پ.ک.ک) هاتبوونە ناوچە سنوورییەکانی باشوری کوردستان و نزیکەی (6) بارەگایان لە کوردستاندا دامەزراندبوو، جگە لە چەندین بارەگای بچووک، لە ناوەڕاستی ساڵی (1995) (پ.ک.ک) دەستیکرد بە پیادەکردنی دەسەڵاتی خۆی لە (حوکمی گەل) لە ناوچە سنوورییەکانی ژێر دەسەڵاتی (پ.د.ک)، لەوانە دانانی چەند بەڕێوەبەرێکی ناحیەکان و ئەنجوومەنی شارەوانییەکان لە هەندێک شار و شارۆچکەی سەر بە پارێزگای دهۆک؛ لە ڕووی سەربازی و مەیدانییەوە (پ.ک.ک) دەستی بەسەر گەلێک ناوچەی گرنگدا لە دەرەوەی شارە گەورەکان گرت و دەسەڵاتی خۆی لەو ناوچانەدا پیادەدەکرد. (پ.د.ک، ١٩٩٦: ل ٦٩-٧٠ ؛ برایەتی، ١٩٩٧: ژ٢٣٤٢)

لە ئەنجامی سەرقاڵیی هێزەکانی (پ.د.ک) بە شەڕی (ی.ن.ک)ەوە، گەریلاکانی (پ.ک.ک) بە تەواوەتی قورسایی هێزی خۆیان لە ناوچە سنوورییەکاندا دەرخست، لەوانە ناوچەکانی خواکورک، حەفتانین و سنووری زاخۆ و باتوفە و دەرکا. (پ.ک.ک) توانی سوود لەو بۆشاییە وەربگرێت، کە لەو ناوچانەدا دروستببوو و زۆرتر بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (پ.د.ک) بکشێت. (برایەتی، ١٩٩٧: ژ2343) (پ.د.ک)، کە لە (کانوونی یەکەمی 1994) شاری هەولێری لە دەستدابوو، دەسەڵاتی بە تەنیا لە ناوچەی دهۆکدا قەتیس بوو، هەوڵی (پ.ک.ک) لە باکورەوە لە ناوچە سنوورییەکانی تورکیاوە و فراوانبوونی لەسەر حیسابی (پ.د.ک) و تەرکیزکردنە سەر باکوری کوردستان. (پ.د.ک)، لە سایەی ئەو واقیعە تازەیەدا، خۆی لە بەردەم چەند بژاردەیەکی سەخت و تاڵدا بینییەوە، کە ئاسانترین و نزیکترینیان هاوکاری سەرلەنوێ لەگەڵ تورکیادا بوو، تورکیاش هەر بە دوای ئەوەدا دەگەڕا. تورکیا بەشێوەیەکی خێراتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا، هەلەکەی قۆستەوە و جارێکی تر دەستی بە سنووربەزاندن کردەوە. (فیان، 2012: ل101)

سوپای تورکیا لە (20/ ئازاری 1995) تا (30/ ئازاری 1995) ئۆپەراسیۆنێکی بە ناوی (ئۆپەراسیۆنی پۆڵا) دەستپێکرد، کە تیایدا بە بەشداریی پتر لە (35) هەزار سەرباز و سەدان تانک و (100) زرێپۆش و (235) ئوتۆمبێلی گواستنەوەی سەرباز و

بەکارهێنانی فڕۆکەی جەنگی (F16) بە قوڵایی (40کم)، بۆ لێدان لە بنکە و بارەگاکانی (پ.ک.ک) هاتنە ناو خاکی باشوری کوردستانەوە. (پ.د.ک) لەم ئۆپەراسیۆنەدا ئاسانکاریی تەواوی بۆ هێزەکانی تورکیا کرد و ڕەزامەندی دەربڕی، کە هێزەکانی تورکیا بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (پ.د.ک)دا تێپەڕن، تەنانەت وەک چاوساغێک بەشدارییان لە هێنانی هێزەکانی تورکیا بۆ ناوچەکە کرد. (سیف الدین، 2009: ل247 ؛ الزميدي، 2015: ل52) بەهۆی ئەم داگیرکارییەی سوپای تورکیا بۆ باشوری کوردستان (15) هەزار هاوڵاتی مەدەنی کورد ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێهێشت، هێرشەکە زیانی زۆری بۆ سەر باشوری کوردستان هەبوو. بەپێی ڕاپۆرتەکانی (پ.د.ک)، لە ئەنجامی هێرشەکەی تورکیادا نزیکەی (80) گوند و (120) خانوو و (8) قوتابخانە بە تەواوەتی خاپوور کراون و (18)کەسیش کوژراون، (12) کەسی دیکە بریندار بوون. (سیف الدین، 2009: ل274 ؛ فیان، 2015: ل101)

هەروەها بەشی عەرەبی دەنگی ئەمریکا لە (3/ ئایاری 1995) بڵاویکردەوە، کە ژمارەی کوژراوانی (پ.ک.ک) (568)کەس بووە، لە بەرامبەردا ڕۆژنامەی (وڵات)، ئۆرگانی فەرمی (پ.ک.ک) بڵاویکردۆتەوە، کە ژمارەی کوژراوانی (113) گەریلا بوو، لەگەڵ برینداربوونی (26) گەریلا، بەڵام لە ڕیزی سوپای تورکیادا (866) کوژراو و (102) بریندار هەبوو، ئەم هەڵمەتەی سوپای تورکیا نەیتوانی (پ.ک.ک) لەناوببات و لە دوای ئەم هەڵمەتەوە هێندەی دیکە پەیوەندییەکانی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) ئاڵۆز بوو، چونکە زۆربەی ئەو ناوچانەی، کە پێشووتر (پ.ک.ک)ی لێ بوو، لە ئەنجامی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەریان، لەدەستیان دابوو و لە دوای تەواوبوونی هێرشەکەیان، سوپای تورکیا ناوچەکانی ڕادەستی (پ.د.ک) کردبوو. (فیان، 2015: 102 ؛ وڵات، 1995: ژ86)

لە پاڵ ئەم هۆکارەدا چەندین هۆکاری دیکە هەبوو، کە ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ دروستبوونی شەڕ لە نێوان هەردوولادا، لەوانە کێشە و گرفتی ئۆردوگای پەنابەرانی باکوری کوردستان (کەمپی ئەتروش B-A)* کە (پ.ک.ک) (پ.د.ک)ی بە کوشتنی چەندین کەس لە پەنابەرە کوردەکانی باکور تۆمەتبار دەکرد، کە لایەنگری (پ.ک.ک)ن. (وڵات، ١٩٩٥: ژ٨٦)

لە بەرامبەردا (پ.د.ک) (پ.ک.ک)ی بەوە تۆمەتبار دەکرد، کە کەمپەکەی کردۆتە بنکە و بارەگای سەربازیی و ئەندامانی لە نێو کەمپەکەدا خەریکی کاری ڕێکخستنن، ئەمەیش کاریگەریی لەسەر ئاسایشی کەمپەکە هەیە و ڕێگە گشتییەکانیان لە خەڵکی بڕیوە، بوونی دەسەڵاتی (پ.ک.ک) و دۆخی خراپی کەمپەکە وای کردووە، هەندێک لە دانیشتوانەکەی کەمپەکە بەجێبهێڵن و بۆ شوێنی خۆیان بگەڕێنەوە. (مکتب العلاقات، 1999: ص6) هۆکاری ئابووری، هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ هەوڵدانی هەردوولا بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچە سنوورییەکاندا، کە ئەویش خۆی لە دانانی چەندین خاڵی گومرکیدا دەبینییەوە، بەتایبەتی لە سێکوچکەی سنووری (عێراق- تورکیا- ئێران). (وڵات، ١٩٩٥: ژ٨٦) هۆکارێکی دیکە بۆ توندبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان هەردوولا، (ی.ن.ک) بوو، تا ئەو ڕادەیەی (ی.ن.ک) لەلایەن هەردوو (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) تۆمەتبار دەکرا، بەوەی کە ڕۆڵی لە قووڵکردنەوەی ناکۆکی و ململانێییەکانی هەردوولا هەبووە، (پ.د.ک) بەڕوونی (ی.ن.ک)ی لە خۆشکردنی ناکۆکییەکانی نێوان هەردوولا و پەیشمانبوونەوەی (ی.ن.ک) لە ڕێکەوتن و پەیماننامەکانی نێوانیان بەتایبەتی ڕێکەوتنامەکەی (درۆگیدا- دبلن) لە (ئابی 1995) تۆمەتبار دەکرد. بەڵێنەکانیان بۆ ئۆجەلان، کە بووە هۆی شکستی پرۆسەی ئاشتی، هاوکات لەگەڵ سەردانی تاڵەبانی بۆ دیمەشق و کۆبوونەوەی لەگەڵ ئۆجەلان و ڕاگەیاندنی شەڕ لەلایەن ئۆجەلانەوە بەرامبەر بە (پ.د.ک)، هەروەها هەڵوێستی نەرێنی (ی.ن.ک) لە دانووستانەکانی دبلن، ئەمە وای کرد (پ.د.ک) گومانی لەوە هەبێت، کە ڕێکەوتنێک لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا هەبێت. ( فیان، ٢٠١٥: ل١١٠ ؛ پ.د.ک، ١٩٩٦: ل٧٣)

هەروەها سەرچاوەکانی (پ.ک.ک) ئاماژەیان به ڕۆڵی (ی.ن.ک) لە قوڵکردنەوەی شەڕەکەدا دا، جەمیل بایک ئاماژە بەوە دەدات، کە (ی.ن.ک) بە هەموو جۆرێک هەوڵیداوە، کە بۆ نێو جەنگەکە ڕایانکێشێت و بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی، لە پێناو لاوازکردنیان و لاوازکردنی (پ.د.ک)، بۆ ئەوەی خۆی ببێتە فەرمانڕەوای کوردستان. ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت:"کاتێک جەنگمان ڕاوەستاند و ئاگربەستمان ڕاگەیاند، جێی ڕەزامەندی (ی.ن.ک) نەبوو، بەڵکو حەزیان دەکرد شەڕ بەردەوام بێت".(جومعە، 2004: ل400-401 ؛ گەوهەری، 2016: ل137) بەڵام هۆکاری ڕاستەوخۆی شەڕی نێوان هەردوولا لە (ئابی 1995) دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکەوتنی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) بە نێوەندگیری ئەمریکا و تورکیا و (INC) لە (9- 11/ ئابی 1995) لە (درۆگیدا- دبلن) لە ڕێکەوتنامەکەدا چەند خاڵێکی تێدایە لەسەر (پ.ک.ک)، لەوانە خاڵی شەشەمی، کە باس لە بەتیرۆرناساندنی ئەو پارتە دەکات، هەروەها ئەوەی لەم ڕێکەوتنامەیەدا سەبارەت بە (پ.ک.ک) تێبینی دەکرێت، ئەوەیە، کە گرەنتی ڕەچاوکردنی دردۆنگییە ئاسایشییەکانی تورکیا کراوە، بەشێوەیەک (پ.د.ک) چاودێریی سنوورەکان بۆ ڕێگرتنی چەکدارانی (پ.ک.ک) لە باکوری عێراقەوە بۆ تورکیا و مەسەلەی بەتیرۆرناساندنی ئەو پارتە، وەک ڕێکخراو و پارتێکی تیرۆریستی بکات، ئەم خاڵە یەکێک لە مەترسیيە هەرە سەرەکییەکان بوو، کە ڕووبەڕووی پرسی کورد لە باکوری کوردستان بەگشتی و

خەباتی (پ.ک.ک) بەتایبەتی بووەوە و بووە دەستپێکێک بۆ شەڕی نێوان هەردوولا. (عبدالکریم، 2015: ل272 ؛ جودی، 2017: ل356)

لەگەڵ نزیکبوونەوە و ڕاگەیاندنی ئاگربەست لەنێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)، (پ.د.ک) هەوڵی دا دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ (پ.ک.ک)دا بکاتەوە، بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێک لە نێوانیاندا، هەردوولا بڕیاریان دا دەست بە گفتوگۆ بکەن، (پ.د.ک) دەستپێشخەری کرد و لە (ئابی 1995) بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ، بانگهێشتی (پ.ک.ک)ی کرد. جەمیل بایک بە نوێنەرایەتی پارتەکەی بانگهێشتنامەکەی وەرگرت و لە (25/ ئابی 1995) بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ بەرپرسانی (پ.د.ک) سەردانی سەلاحەدینی کرد. (هەریری، 2000: ل45 ؛ فیان، 2012: ل104)

لەبارەی گفتوگۆکانی هەردوولا، جەمیل بایک دەڵێت: "سەرۆکایەتی گوتی بچۆ مەسەلەی ئێمە و (پ.د.ک) هەیە، بە دوایین قسە و کۆبوونەوە کۆتایی پێ بێنە، کاتێک گەیشتمە هەولێر بەرلەوەی بچمە لای (پ.د.ک)، تەلەفۆنم بۆ سەرۆکایەتی کرد و دوایین ڕێنوێنم وەرگرت، پاشان بەرەو سەلاحەدین بەڕێکەوتم، هەم سەرۆکایەتی و هەم هەڤاڵانی بڕیارگەی ناوەندی ئاگاداری چوونی من بۆ سەلاحەدین بوون، ڕەوشێکی گەلێک خراپ بوو، لەوانە بوو هەر ئێستا لەنێوان ئێمە و (پ.د.ک) شەڕ دەست پێ بکات. (پ.د.ک) زۆر دەترسا، چونکە هەڵگیرسانی شەڕێکی وەها لە بەرژەوەندی ئەودا نەبوو، لەبەر ئەوەی نێوانی لەگەڵ (ی.ن.ک) باش نەبوو، بۆیە نەیدەویست لە هەردوولاوە بکەوێتە شەڕ. لەسەر ئەو بنەمایە داوای لە ئێمە کردبوو، بچین لەگەڵی دانیشتن و کێشەکانمان بە ڕێگەی سیاسی چارەسەر بکەین". (جومعە، 2004: ل389)

هەربۆیە لە ئاستی باڵادا، سەرکردایەتی هەردوولا کۆبوونەوە، سامی عەبدولڕەحمان سەرۆکایەتی وفدی (پ.د.ک) دەکرد و جەمیل بایک سەرکردایەتی (پ.ک.ک) دەکرد. پێش ئەوەی بگەنە ڕێکەوتنێکی کۆتایی، شەڕ لەنێوان هەردوولا دەستی پێکرد. (هەریری، 2000: ل45 ؛ جومعە، 2004: ل390) لە شەوی (25-26/ ئابی 1995) لە هێرشێکی کتوپڕدا، گەریلاکانی (پ.ک.ک) هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (پ.د.ک) لە (25) بنکە و ناوچەی جیاوازدا کرد. ئەو ناوچانەی کەوتنە بەر هێرشی گەریلاکانی (پ.ک.ک)، بارەگای هێزەکانی پێشمەرگەی (پ.د.ک) لە (زاخۆ- گوندی حەسەن ئاڤا- بێگۆڤا- باتۆفا- سەرسەنگ- بامەرنی- سنووری لیژنەی ناوچەی خەباتی (پ.د.ک)- ئامێدی- سەربازگەی ئامێدی- دێرەلووک- شیلادزێ- دەرکار عەجەم- مزوری باڵا- مێرگەسوور- لیژنەی ناوچەی دووی شێروانەی (پ.د.ک)- کانی ماسی) هەروەها چەندین بنکە و بارەگای دیکەی (پ.د.ک) لە ناوچەکانی زاخۆ و بادیناندا. (برایەتی، 1995: ژ٢١٣٥-٢١٣٦ ؛ بارزانی، 2021: ل273)

(پ.ک.ک) هێرشەکانی شەوی (25- 26 ئابی 1995) ناو لێنابوو (شاڵاوی بروسک)[**]. (جومعە، 2004: ل393 ؛ وڵات، 1995: ژ١٠٦) لە هێرشەکانی (پ.ک.ک)دا بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی (پ.د.ک) لە بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک) باس لە کوژرانی (7) هاوڵاتی ئاسایی دەکات. (برایەتی، 1995: ژ٢١٣٥-٢١٣٦) لە دوای ئەو هێرشەوە، شەڕ لەنێوان هەردوولادا لە چەندین بەرەوە دەستیپێکرد، لەوانە بەرەی مزوری باڵا- بارزان، بەرەی دووەم چیای گارە، کە هێڵی ئامێدی- دێرەلووک- شیلادزێ- سەرسەنگ تاوەکو دەوروبەری ئەتروش درێژ دەبووەوە. بەرەی سێیەم لە ناوچەکانی باکور لە زاخۆ- بامەرنی- باتۆفە- دێرکار بوو، هەروەها بەرەی چوارەم ڕێگاکانی نێوان دهۆک- زاخۆ- باتۆفە بوو. (وڵات، 1995: ژ٨٩) لە ڕۆژانی (5- 9/ ئەیلولی 1995) لە زۆربەی قۆڵەکاندا شەڕ لەنێوان هەدوولادا ڕوویدا، (پ.ک.ک) باس لە بۆردومانی چڕی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا دەکات. (پ.ک.ک) باس لە کوژرانی (30) پێشمەرگەی (پ.د.ک) و (8) گەریلای (پ.ک.ک) لە شەڕەکانی ناوچەی (سەرسەنگ- گارە- ڕێگای نێوان زاخۆ- بێگوڤادا دەکات، لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی شارۆچکەی بامەرنی و کشانەوەی دامودەزگاکانی (پ.د.ک) هەروەها دەستگرتن بەسەر شارۆچکەی سەرسەنگ و دواتر کشانەوەی گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە شارۆچکەکەدا. (وڵات، ١٩٩٥: ژ٩١)

شەڕی قورسی نێوان هەردوولا لە چیای سپی و چیای گارە بوو، کە (پ.د.ک) بە بەردەوامی هەوڵی گرتنەوەی ئەو ناوچانەی دەدا بۆ ئەو مەبەستەش لە چەند قۆڵێکەوە هێرشی کردە سەر گەریلاکانی (پ.ک.ک)، لەو هێرشەدا سوپای (2)ی بارزان و سوپای ڕزگاری و سوپای شەش بەشدارییان تێدا کرد، (پ.د.ک) توانی (کۆشکی سەدام حسێن) کۆنترۆڵ بکات، کە لە چیای گارە بوو و پێشتر گەریلاکانی (پ.ک.ک) دەستیان بەسەردا گرتبوو. شەڕ لە (22/ ئەیلولی 1995) دەستی پێکردەوە، هەتا (24/ ئەیلولی 1995) درێژەی کێشا. (پ.د.ک) باس لە شکانی گەریلاکانی (پ.ک.ک) دەکات لەگەڵ کوژرانی (49) گەریلای (پ.ک.ک). (برایەتی، 1995: ژ٢١٣٩-٢١٤١) لەسەر هەمان شەڕ، (پ.ک.ک) باس لە کوژرانی (191) پێشمەرگەی (پ.د.ک) و کوژرانی سێ فەرماندەی باڵای (پ.د.ک) دەکات لەگەڵ کوژرانی (4) گەریلای دیل لەلایەن (پ.د.ک)ەوە. (وڵات، ١٩٩٤: ژ٩٦)

شەڕی نێوان هەردوولا لە زۆربەی قۆڵەکاندا بەردەوام بوو، شەڕەکانیش لە شێوەی هێرش و دژەهێرشدا بوو، کە سەرجەم

ناوچەکانی بادینان و باکوری هەولێری دەگرتەوە، بە دیاریکراویی لە چیای سپی و ناوچەکانی گارە و زاخۆ و باتوفە و بامەرنی و سەرسەنگ و سیدەکان و سیمێل وکانی ماسی و گوندەکانی دەوروبەری ئەم ناوچانە، لە ئاکامی شەڕی هەردوولا بە شەو لە ئاکامی هێرشی گەریلاکانی (پ.ک.ک) دەکەوتنە دەست (پ.ک.ک) و لە ڕۆژدا لە ئاکامی هێرشی (پ.د.ک)دا دەکەوتەوە دەست (پ.د.ک).(کوردستانی نوێ، ١٩٩٥: ژ١٠٩٦)

کێشەی پەنابەرانی (کەمپی ئەتروش) هێندەی دیکە شەڕی نێوان هەردوولای گەرمتر دەکرد، چەکدارانی (پ.د.ک) چەند جارێک، بە بیانووی گەڕان بە دوای گەریلاکانی (پ.د.ک) لە ناو کەمپەکەدا، پەلاماری کەمپەکەیان داوە. پەنابەرانی ناو کەمپی ئەتروش لە پێناو پاراستنی گیانی خۆیان کەوتنە بە بارمتەگرتنی (7) کارمەندی سەر بە کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR)، کە وەک قەڵغانی مرۆیی بە بارمتە گیرابوون، تا چەکدارانی (پ.د.ک)، کە گەمارۆی کەمپەکەیان دابوو، پەلاماری ئەو پەنابەرانەی باکور نەدەن، ئەمیش بووە هۆی پێکدادانی توند لە نێوان (پ.ک.ک) و (پ.د.ک) لە ناوچەی ئەتروش. (کوردستانی نوێ، ١٩٩٥: ژ١٠٩٣)

(پ.د.ک) بە بەردەوامی ئەوەی ڕەتدەکردۆتەوە، کە لە هەردوو کەمپی ئەتروش (B-A)، کە پەنابەرانی باکوری کوردستانی تێدایە، زوڵم و زۆرداریی کرابێت، بەڵام میدیاکانی (پ.ک.ک) بە بەردەوامیی باسیان لە گرتن و ڕاوەدوونانی هاوڵاتیانی ناو کەمپەکە و لایەنگرانی (پ.ک.ک) لەلایەن (پ.د.ک)ەوە دەکرد. (وڵات، 1995: ژ٨٦) (پ.د.ک) جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە پەنابەرەکان بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی کەمپکە هەڵسوکەوت ناکەن، دەبێت پابەندی یاسای کەمپەکە بن، بۆ ئەوەی بتوانرێت بە باشترین شێوە کۆمەکە مرۆییەکانیان پێشکەش بکرێت، هەروەها بوونی زۆرێک لە چەک و کەرەستەی جەنگی لە ناو کەمپەکەدا بووەتە هۆی مەترسیی بۆ سەر ڕێکخراوە مرۆییەکانی وەک (UN -NGOS -UNHCR). لەبەر ئەوە بڕیاری پشکنینی کەمپەکە درا، تا لە هەموو جۆرە چەک وکەلوپەلێکی سەربازیی ڕابماڵدرێت، دووپاتیان دەکردوە، کە ئەمە بۆ پاراستنی گیانی پەنابەرەکانی باکورە، تا کەمپەکە نەبێتە ئامانجی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا. لە بەرامبەر ئەوەدا پەنابەرەکانی باکور بە پشکنینی هەردوو کەمپی (B-A) ئەتروش ڕازی نەبوون. (برایەتی، ١٩٩٥: ژ٢١٣٩-٢١٤١)

لەسەر کەمپی ئەتروش، مەسعود بارزانی لە بەیانێکی ڕەسمیدا ،کە لە (1/ تشرینی دووەمی 1995) لە ڕۆژنامەی (برایەتی) بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: "(پ.ک.ک) کەمپەکەی کردۆتە ئۆردوگای مەشقی سەربازیی و بە زەبری هێز ئیدارەی خۆیان بەسەر کەمپەکەدا سەپاندووە، دادگایەکی کارتۆنیان لە کەمپەکەدا دامەزراندووە، کە کۆمەڵێک کادری (پ.ک.ک) بەڕێوەی دەبەن، ئەوەش بووەتە هۆی بارگرانیی بۆ دانیشتوانی ناو کەمپەکە، لەوەش خراپتر ئەوەیە، کە بازگەیەکیان لە دەروازەی کەمپەکەدا داناوە و ڕێگریی تەواویان لە فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەگرت بۆ چوونە ناو کەمپەکەوە، دەبێت ئەو چەک و کەرەستە جەنگییانەی لە ناو کەمپەکەدا هەیە دەستی بەسەردا بگیرێت و موسادەرە بکرێت و بەپێی یاسا و سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکان ملکەچی دەسەڵاتی هەرێم بن". (برایەتی، 1995: ژ٢١٤٢-٢١٤٥)

ڕۆژنامەی (وڵات)، ئۆرگانی فەرمی (پ.ک.ک) باس لە شەڕەکانی مانگی ئاب و ئەیلولی نێوان هەردوولا دەکات و دەڵێت: "لە هێزەکانی (پ.د.ک) (872)پێشمەرگە کوژراوە و (103) پێشمەرگەیش لە لای (پ.ک.ک) دیلە و هەروەها باس کوژرانی (144) گەریلا لە شەڕەکانی نێوان هەردوولا و کوژرانی (6) هاوڵاتی سڤیل لە کەمپی ئەتروش لەلایەن هێزەکانی (پ.د.ک)ەوە. جگە لەوەش دەستبەسەرداگرتنی (4) شارۆچکە و (80) گوند لە سنووری حەفتانین وە تا دەگاتە سنووری کۆماری ئیسلامی ئێران". (وڵات، ١٩٩٥: ژ٩٩) سەرکەوتنی (پ.ک.ک) لە شەڕەکانی مانگی (ئاب و ئەیلولی 1995) وای کرد، بۆ لێدان لە بنکە و بارەگاکانی (پ.ک.ک) و گرتنەوەی ئەو ناوچانەی، کە (پ.ک.ک) لە شەڕەکانی مانگی (ئاب و ئەیلولی 1995)دا دەستی بەسەردا گرتبوو، جارێکی تر سوپای تورکیا لە سەرەتای (تشرینی یەکەمی 1995) بێتە ناو خاکی کوردستانەوە. لە ناوچەکانی بامەرنی وکانی ماسی و دەوروبەری، ڕۆژنامەی (وڵات) باس لە هاتنی هێزی چەکوشی ئامادەی تورکیا بۆ ناوچەکانی کوردستان، لەسەر داوای (پ.د.ک) دەکات، ئەویش لە دوای سەردانەکەی سامی عەبدولڕحمان بۆ تورکیا لە (26/ ئەیلولی 1995) و کۆبوونەوەی لەگەڵ ژەنەراڵە تورکەکان و داواکردنی یارمەتی لە تورکیا بۆ لێدان لە بنکە و بارەگاکانی (پ.ک.ک) لە ناوچە سنوورییەکانی تورکیادا. لە دوای ئەوە لە (7/ تشرینی یەکەمی 1995) سوپای تورکیا بە تەواوەتی هاتە ناو خاکی کوردستانەوە. (وڵات، ١٩٩٥: ژ٩٨)

لەسەر هاتنی سوپای تورکیا بۆ هاوکاریی (پ.د.ک) و لێدان لە بنکە و بارەگاکانی (پ.ک.ک)، میدیاکانی (پ.د.ک) ئەوەیان ڕەتکردەوە، کە سوپای تورکیا بە ئاگاداری ئەوان هاتبێتنە کوردستان، ئەمە یەکەمین جار نییە سوپای تورکیا بە بۆنەی چالاکییەکانی (پ.ک.ک)ەوە لەشکرکێشیـ دەکاتە سەر خاکی کوردستان و ئەوە ڕەتدەکاتەوە، کە بە ڕێکەوتن لەنێوان هەردوولا هاتبێتە ناو خاکی کوردستانەوە. (برایەتی، 1995:

ژ٢١٣٩-٢١٤١) لە دوای هاتنەنــاوەوەی ســوپای تورکیــا (پ.ک.ک) (شــاڵاوی بروســک یەک)ی کۆتــایی پێهێنــا و (شاڵاوی بروسک دوو)ی بۆ سەر هێزەکانی سوپای تورکیا و (پ.د.ک) دەستپێکرد، لە شەڕەکانی مانگی (تشرینی یەکەمی 1995) گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە زۆربەی بەرەکانی شەڕدا شکان و پاشەکشێیان کرد، زۆربەی ئەو ناوچانەی دەستیان بەسەردا گرتبوو، لەلایەن (پ.د.ک)ەوە دەستی بەسەردا گیرایەوە و هێرشەکانی (پ.د.ک) لە (9 و 10/ تشرینی یەکەمی 1995) بۆ سەر (پ.ک.ک) دەستیپێکرد، هەتا ناوەڕاستی هەمان مانگ دەست بەسەر ناوچەکانی ئامێدی و مەتینا و چیاکانی بێخێر و کانیکا و گارە و مەتینا و میرۆزدا گیرا. (کوردستانی نوێ، ١٩٩٥: ژ١١١٦ ؛ وڵات، ١٩٩٥: ژ٩٩)

هێرشەکانی (پ.د.ک) بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی (پ.ک.ک) لە ناوەڕاستی مانگی (تشرینی یەکەمی 1995) بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆکی (پ.د.ک)، لە چوار قۆڵەوە هێرشیان بۆ سەر ناوچەکانی (زاب) و دەوروبەری و هەروەها ناوچەکانی نێوان زێی گەورە و ڕووباری ئاڤاشین و ناوچەی خواکورک کرد، کە لە ناوچەی برادۆستەوە دەستیپێکرد، هەتا نزیک سێگۆشەی سنووری عێراق- ئێران- تورکیا و ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانی ئەو ناوچانە لە ژێر دەسەڵاتی (پ.ک.ک) دەرهێنران. (کوردستانی نوێ، ١٩٩٥: ژ١١٢١)

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی (پ.د.ک) ئەوەیان بڵاوکردەوە، کە قۆناغی یەکەمی هێرشەکەیان بۆ دەرکردنی هێزەکانی (پ.ک.ک) لە ناوچەی خواکورک و دەروبەری بە سەرکەوتوویی ئەنجامدرا و زەرەر و زیانێکی زۆر بەر بنکە و بارەگاکانی (پ.ک.ک) کەوتووە، لە هەمان کاتدا شەڕی قورس لە دەوروبەری سیدەکان و ناوچەی شێخ زادەیی لەنێوان هەردوولادا ڕووی داوە. لەو شەڕەدا (8) پێشمەرگەی (پ.د.ک) کوژراوە لەگەڵ کوژرانی (6) گەریلای (پ.ک.ک). (کوردستانی نوێ، ١٩٩٥: ژ١١٢٢)

لە هێرشەکانی (پ.د.ک) بۆ سەر (پ.ک.ک) جگە لە هاوکارییەکانی سوپای تورکیا بۆ لێدان لە بنکە و بارەگاکانی (پ.ک.ک) بە چڕیی، هەندێک لە سەرانی عەشیرەتی برادۆست یارمەتی هێزەکانی (پ.د.ک)یان دا. لەم هێرشەدا هێزەکانی (پ.د.ک) توانیان سەرکەوتن بەدەست بهێنن و لە (28/ تشرینی یەکەمی 1995) بە بۆنەی سەرکەوتنی هێزەکانی پێشمەرگەی (پ.د.ک) مەسعود بارزانی بروسکەی پیرۆزبایی بۆ سەرجەم هێزەکانی پێشمەرگەی (پ.د.ک) نارد. (گوڵان، ١٩٩٥: ژ٥٤)

لە مانگی (تشرینی دووەمی 1995) شەڕی نێوان هەردوولا هەر لە سنووری زاخۆ هەتا سنووری ئێران بەردەوام بوو، زۆرترین ناوچەی گرتەوە و شەڕی یەکلاکەرەوە لە نێوانیاندا ڕووی دا، (پ.ک.ک) ئاماری شەڕەکانی مانگی (تشرینی 1995)ی بڵاوکردەوە، بەم شێوەیە باس لە کوژرانی (489) پێشمەرگەی (پ.د.ک) دەکات، لە ئەنجامی (130) هێرش و چالاکی بووە لە دژی هێزەکانی (پ.د.ک) و لەگەڵ کوژرانی (47) گەریلادا.(وڵات، ١٩٩٥: ژ١١٥ ؛ وڵات، ١٩٩٥: ژ١١٨) لە بەرامبەردا (پ.د.ک) لە ئاماری شەڕەکانی مانگی (تشرینی دووەمی 1995) دەڵێت:"گەریلاکانی (پ.ک.ک) خاڵە گرنگ و ستراتیجییەکانی خۆیان لەدەست داوە، تەنانەت کۆگا سەرەکییەکانی ئازووقە و چەک و تەقەمەنییان کەوتۆتە دەست هێزەکانی (پ.د.ک) لە ناوچەکانی شێخان- چیای سپی- چیای بێخێر- گارە- مەتین- بەرواری، هەتا سنووری حەفتانین لە شەڕەکانی مانگی (تشرینی دووەمی 1995)، ئەوەی (پ.ک.ک) ناوی لێناوە هەڵمەتی بروسک دوو، (497) گەریلایان کوژراوە و لە ناویاندا دوو بەرپرسی باڵای (پ.ک.ک)س تێدایە. (گوڵان، ١٩٩٥: ژ٥٤) لە دوای سێ مانگ لە شەڕی نێوان هەردوولادا (پ.ک.ک) بە دەستی (پ.د.ک) تووشی شکستێکی گەورە هات، بە شێوەیەک لە (6) بنکە و بارەگای سەرەکییان، دەست بەسەر (5) بارەگای سەرەکی (پ.ک.ک) لە ناوچەکانی دهۆک و زاخۆ و باکوری هەولێر گیرا. (پ.د.ک، ١٩٩٦: ٧٣ ؛ برایەتی، ١٩٩٥: ژ٢٣٤٣) جەمیل بایک لەسەر شکستی گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە شەڕەکەدا دەڵێت:"(پ.د.ک) بە ژمارەیەکی زۆر دەستی بە ئۆپەراسیۆن کرد، ئێمەش لە گەلێک شوێن ناچار پاشەکشێمان کرد و زەبریشمان لێ کەوت و گەلێک ئەرزاقیشمان کەوتە دەستیان. زۆری نەمابوو بگەنە بریارگەی ناوەندی ئەمەیش لە بێ تەدبیری خۆمان بوو، ئەگینا هەرگیز نەیاندەتوانی بگەنە ئەو ناوچەیە، ئیتر زۆر نیگەران بووم، ڕەوشەکەم بە ڕوونی دەدیت، کە بە زەرەری ئێمە دەچووە پێش، گەلێک شەهیدی کوڕ و کچمان دابوو، زۆربەی ناوچەکان شەڕیان نەدەکرد، تەنیا بریارگە مابووەوە و دەیانویست ئەویش بگرن، کە نەگرتنی ئەوێ زۆر بە ڕێکەوت بوو". (جومعە، 2004، ل395) بەم شێوەیە شەڕ بە شکستی (پ.ک.ک) بەردەوام بوو، تا ئەوکاتەی لە (10/ کانوونی یەکەمی 1995) (پ.ک.ک) لەلای خۆیەوە ئاگربەستی ڕاگەیاند و ڕاگرتنی شەڕ بە بڕیاری عەبدوڵا ئۆجەلان بوو. (وڵات، ١٩٩٥: ژ١١٧) لە وەڵامی ئەو ئاگربەستەدا، وتەبێژی فەرمی (پ.د.ک) ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە، کە تێیدا هاتووە "سەرکردایەتی (پ.د.ک) پێشوازی خۆی لە ئاگربەستەکە ڕاگەیاند، کە (پ.ک.ک) دەری کردبوو، لە دوای سێ مانگ و نیو لە شەڕی نێوان هەردوولا لە (10/ کانوونی 1995) شەڕ لە نێوان هەردوولا ڕاگیرا". (پ.د.ک، ١٩٩٦: ل٧٧ ؛ برایەتی، ١٩٩٥: ژ٢١٤٩)

لە دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست بە مەبەستی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان، وەفدی باڵای هەردوولا لە

سەلاحەدین کۆبوونەوە. جەمیل بایک سەرۆکایەتی وەفدی (پ.ک.ک)ی دەکرد و سامی عەبدولڕحمان سەرۆکایەتی وەفدی (پ.د.ک)ی دەکرد، خولی کۆبوونەوەکانی نێوانیان بە سێ خول بەڕێوەچوو و لە (کانوونی یەکەمی 1995) لەسەر چەندین خاڵ ڕێکەوتن، لەوانە: کشانەوەی گەریلاکانی (پ.ک.ک) لەو ناوچانەی، کە لە شەڕەکانی پێشووتردا دەستی بەسەردا گرتبوو؛ دووەم مانەوەی گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە بەری خواکورک و حەفتانین. (جومعە، ٢٠٠٤: ل٣٩٩-٤٠٠) وێڕای کۆتاییهاتنی شەڕ لەنێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) بە ڕاگەیاندنی ئاگربەست لەلایەن (پ.ک.ک)، بەڵام ئاشتی تەواو لەنێوان هەردوو پارتی بەشەڕداهاتوو لە باشوری کوردستاندا بەدی نەهات، لە سایەی دوودڵی و وریاییەکی زۆری هەردوو پارت لەلایەک و لەلایەکی ترەوە، پەیوەندی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لە حاڵەتێکی پڕ لە نائارامی و مەترسیداردا بوو، چاوەڕێ دەکرا لە هەر ساتەوەختێکدا بتەقێتەوە. (فیان، ٢٠١٢: ل١١١)

شەڕی (ئابی ١٩٩٥)ی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) درێژکراوەی شەڕی ناوخۆی پارتەکان لە باشوری کوردستان بوو. ئەم شەڕە هاوکاتی لەگەڵ ڕێکەوتنی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لە (درۆگیدا- دبلن) بوو، شەڕ بۆ ماوەی (٣) مانگ بەردەوام بوو، بە شکستی (پ.ک.ک) و ڕاگەیاندنی ئاگربەست لەلایەن (پ.ک.ک)ەوە کۆتایی پێهات. بە کۆتاییهاتنی شەڕی نێوان هەردوولا، زۆرێک لە کێشەکانی نێوان هەردوو پارت بە چارەسەرنەکراوەیی مایەوە، ئەویش بووە هۆکار بۆ دروستبووەی چەند خولێکی تری شەڕ لە نێوان هەردوولا.

## تەوەری دووەم: پەیوەندی و خولی دووەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک)و(پ.ک.ک) (١٩٩٦-١٩٩٧)

لە دوای ئاگربەستی نێوان هەردوولا لە (کانوونی یەکەمی 1995 تا 1996) شەڕ و پێکدادانێکی ئەوتۆ ڕووی نەدا، کە ببێتە هۆی شکاندنی ئاگربەستەکەی نێوانیان، هەربۆیە بارودۆخەکە بۆ گۆڕینی ئاگربەستەکە بۆ ڕێکەوتن لەباربوو. دوای چەندین هەوڵی ئاشتی و دانووستانی بەردەوام بۆ ماوەی چەند مانگێک، هەردوولا لە (21/ ئازاری 1996) گەیشتنە ڕێکەوتنامەی ئاشتی لەلایەن (پ.ک.ک)ەوە عوسمان ئۆجەلان ڕێکەوتنامەکەی لەگەڵ (پ.د.ک) مۆرکرد و چەند خاڵێکی گرنگی لەخۆگرتبوو، لەوانە:

1- ڕێگەدان بە گەریلاکانی (پ.ك.ک) سێ بارەگای سەرەکیی لە ناوچە سنوورییەکانی عێراق- تورکیا بکەنەوە.

2- ڕێگەدان بە هەڵگرتنی چەک لە بارەگا و ناوچەکانی دەوروبەریدا.

3- لە ناوچەکانی بادینان، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (پ.د.ک)دا، بە مەرجی هەڵنەگرتنی چەک، ڕێگەدان بە گەریلاکانی (پ.ک.ک) هاتووچۆ بکەن.

4- ڕێگە بە گەریلاکانی (پ.ک.ک) بدرێت پێداویستییەکانیان لە مەوادی خۆراکی لە شار و شارۆچکەکانی پارێزگای دهۆک بکڕن، بە مەرجێک بە بڕێکی زۆر نەبێت.

5- ڕێگە بە گەریلاکانی (پ.ک.ک) بدرێت سەردانی کەمپی ئەتروش بکەن لە شارەدێی ئەتروش و پارێزگای دهۆک بۆ سەردانیکردنی خێزانەکانیان، لە کاتی وەرگرتنی مۆڵەتدا و بەو مەرجەی چەکیان هەڵنەگرتبێت.

6- (پ.د.ک) بەڵێن دەدات ئەگەر ئەو خاڵانە جێبەجێکرا، ئەوا ڕووبەڕووی هیچ گەریلایەکی (پ.ک.ک) نابێتەوە. (فیان، ٢٠١٢: ل١١٢)

ئەم نزیکبوونەوەی نێوان هەردوولا و ڕێکەوتنی نێوانیان مایەی ڕەزامەندی دەوڵەتی تورکیا نەبوو، هەربۆیە بەردەوام لە هەوڵدابوو، تا جارێکی تر، بە ناوی لێدان لە بنکە و بارەگاکانی (پ.ک.ک)، سنووری ناوچەکانی کوردستان ببەزێنێت. (پێنجوێنی، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٢/٥/١٩) ڕێکەوتننامەی (ئازاری 1996) تارادەیەک ئاشتی لەنێوان هەردوولادا هێنایەدی، بەڵام ئاڵۆزییە ناوخۆییەکانی باشوری کوردستان، کە خۆی دەبینییەوە لە شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) تارادەیەک کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی هەردوولا هەبوو، هەرچەندە لە کاتی خولی سێیەمی شەڕی ناوخۆیی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)، (پ.ک.ک) بێلایەن بوو، بەڵام (پ.ک.ک) هاوپەیمان و دۆستی (ی.ن.ک) بوو. (پێنجوێنی، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٢/٥/١٩)

لە سەروبەندی ڕووداوەکانی (31/ ئابی 1996) و دەرچوونی (ی.ن.ک) بۆ ناوچە سنوورییەکانی ئێران لە مانگی (تشرینی یەکەمی 1996)، بە دیاریکراوی لە (4/ تشرینی یەکەمی 1996) لە گوندی قەڵاچووغەی سەید کەریمی سەر بە شارەدێی ئاغجەلەر، هێزەکانی (پ.د.ک) (دکتۆر سیروان)، سکرتێری گشتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان (YNDK) و (5) گەریلا دەکوژن، کە لەگەڵیدا بوون، بە بیانووی ئەوەی کە ئەمانە چەکداری (ی.ن.ک)ن.(جودی، ٢٠١٧: ل٥٣٦) بەڵام ئەمەیش تارادەیەک نەبووە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا و هەتا هاتنەوەی هێزەکانی (ی.ن.ک) لە ئۆپەراسیۆنێکدا بە ناوی گەردەلوولی تۆڵە، کە لە (12/ تشرینی یەکەمی 1996) بۆ گرتنەوەی ناوچەکانی دەستیپێکرد، توانی تەواوی ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوک بگرنەوە و تا دەوروبەری شاری هەولێریان کۆنترۆڵکرد، هەوڵەکانی ئەمریکا و تورکیا بۆ نێوەندگیریی لە نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) و کۆبوونەوەیان لە ئەنقەرە ڕێکەوتنامەی ئەنقەرەی لێکەوتەوە لە (31/ تشرینی

یەکەمی 1996). (فیان، ٢٠١٢: ل١١٥ ؛ حسۆ، ٢٠٠٨: ل١١٤)

ئەم ڕێکەوتننامەیە لە بنەڕەتدا لە (22) خاڵ پێکدێت، خاڵی (3 و 21) تایبەت بوو بە پاراستنی ناوچە سنوورییەکانی تورکیا و بوونی گەریلاکانی (پ.ک.ک). ئەگەر تەماشای هەندێک لە خاڵەکانی ڕێکەوتنامەکەی ئەنقەرە بکەین، تێبینی ئەوە دەکەین، کە باس لە ڕووبەڕووبوونەوەی (پ.ک.ک) کراوە، لە ڕێگەی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە ئاسایشییەکانی تورکیاوە، بە ڕێگریکردن لە بوون و چالاکی سیاسی و چەکداریی ئەو پارتە لە باشوری کوردستان، ئەوەش یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی تورکیا بوو، لە چوارچێوەی سیاسەتی میانگیریدا ڕووەو باشوری کوردستان، هەروەها سەپاندنی سیاسەتی تورکیا لە باشوری کوردستان و هاوڕاکردنی ئەو دوو پارتە بۆ لێدانی (پ.ک.ک) و ناساندنی وەک هێزێکی تیرۆرست.(عبدالکریم، ٢٠١٥: ل٢٧٥ ؛ حسۆ، ٢٠٠٨: ل١١٤)

کاریگەرییەکانی ڕێکەوتنامەی ئەنقەرە بەخێرایی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) و پتر کاریگەربوونی تورکیا لە باشوری کوردستان دەرکەوت، ئەویش بە جێگیرکردنی هێزێک بە ناوی (PMF) یان هێزی ئاشتی پارێز، ئەرکی ئەم هێزە چاودێرییکردنی ئاشتی بوو لە نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک). (پێنجوێنی، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٢/٥/١٩) هەرچەندە ڕێکەوتنەکە تەنیا ڕێکەوتن و ئاگربەستێکی کاتیی لەنێوان هەردوو حیزبدا بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی تورکیا و دەستەبەرکردنی شەرعییەتی ئاسایشی ـ تورکیا بوو، هەربۆیە جارێکی تر شەڕی کورد بە کورد لەنێوان (پ.د.ک)و (پ.ک.ک) دەستییپێکردەوە. (فیان، ٢٠١٢: ل١١٧ ؛ بینگیۆ، ٢٠١٣: ل٣٩٤)

لە پاڵ کاریگەرییەکانی ڕێکەوتنامەی ئەنقەرە (31/ تشرینی 1996) لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا، کۆمەڵێک هۆکاری تر هەبوون، کە هەردوولای بەرەو شەڕێکی تر برد، لەوانە:

یەکەم: (پ.د.ک) زۆر جەخت لەسەر خراپبەکارهێنانی ناوچە سنوورییەکانی عێراق- تورکیا- ئێران لەلایەن گەریلاکانی (پ.ک.ک)ەوە و بەکارهێنانی ئەم ناوچە سنوورییانە بۆ هێرشەکانیان لە دژی سوپای تورکیا دەکاتەوە؛

دووەم: دەستوەردان لە کاروباری ئیداریی ناوچە سنوورییەکان و سەرانەسەندن لە هاوڵاتیان بە ناوی کۆمەک و یارمەتییەوە و دژایەتیکردنی دامەزراوە شەرعییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان؛

سێیەم: دروستکردنی حکومەتێکی تایبەت بە خۆیان لەسەر خاکی باشوری کوردستان، بە مەبەستی تووڕەکردنی وڵاتانی دراوسێ و ڕاکێشانی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی باشوری کوردستان؛

چوارەم: ڕێگەگرتن لە ئاوەدانکردنەوەی (400) گوندی سەرسنوور و ئاوارەبوونی دانیشتوانەکەی جگە لەوەش هەڵخەڵەتاندن و بردنی منداڵانی خوار (18) ساڵ لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان. (برایەتی، ١٩٩٧: ژ٢٣٣٩ ؛ بینگیۆ، ٢٠١٣: ل٣٩٥-٣٩٦)

هاوکات لەگەڵ ئەم هۆکارانەدا، لەسەر داوای (پ.د.ک) و هەماهەنگی تەواو لەگەڵیان لە (14/ ئایاری1997)، سوپای تورکیا پرۆسەیەکی گەورەی سنووربەزاندنی بۆ سەر باشوری کوردستان، بەناوی ئۆپەراسیۆنی (پۆڵاییی دووەم) دەستپێکرد و بە بەشداریی (50) هەزار سەرباز و پاڵپشت بە هێزی ئاسمانی هێرشیان بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی (پ.ک.ک) کرد، ئۆپەراسیۆنەکە (36) ڕۆژ بەردەوام بوو، لە (14/ ئایاری 1997 بۆ 21/ حوزەیرانی 1997) زۆربەی هەرەزۆری ژێرخانی پارتەکەی خاپوور کرد. (سیف الدین، ٢٠٠٩: ل٢٢٣ ؛ حمەکریم، ٢٠٠٧: ل١٣٠) لەسەر هاتنی سوپای تورکیا بۆ باشوری کوردستان (سامی عەبدولڕحمان)، ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەوکاتەی (پ.دک) (پ.ک.ک) بە هۆکاری هاتنی سوپای تورکیا ناودەبات، هەروەها هەموو جۆرە ڕێکەوتن و هاریکارییەک بۆ هاتنی سوپای تورکیا ڕەتدەکاتەوە و لەشکرکێشییەکانی تورکیا بۆ سەر باشوری کوردستان دەخاتە ئەستۆی (پ.ک.ک). (برایەتی، ١٩٩٧: ژ٢٣٣٦) هەرچەندە (پ.د.ک) دانی بەوەدا نەدەنا، کە خۆی داوای دەستتێوەردانی تورکیای کردووە، کاردانەوەی پارتەکە ڕۆژێک لە دوای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە، تەواو ئەوەی دەرخست، کە (پ.د.ک) لە بری سەرکۆنەکردنی ئۆپەراسیۆنەکەی سوپای تورکیا، لەسەر ئەوکارە (پ.ک.ک)ی سەرکۆنە کرد، لەوەش زیاتر خۆی وا دەردەخست، کە نائاگادارە لە وەدەرنانی (پ.ک.ک) لە باشوری کوردستان. (بینگیۆ، ٢٠١٣: ل٣٩٥)

لەگەڵ هاتنەناوەوەی سوپای تورکیا، شەڕی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) دەستیپێکرد. لە دوای دوو ڕۆژ لە لەشکرکێشییەکەی تورکیا بۆ سەر باشوری کوردستان، لە (16/ ئایاری 1997) شەڕ و پێکدادانی قورس لە نێوان (پ.ک.ک) و (پ.د.ک) لە شاری هەولێردا ڕووی دا، لە ئەنجامدا (92)کەس لە (پ.ک.ک) و (11) کەس لە (پ.د.ک) کوژرا. (غەریب، ٢٠١٥: ل٦٦٧ ؛ ستار، ٢٠٢١: ل٩٣)

لەسەر ڕووداوەکەی (١٦/ ئایاری ١٩٩٧)ی هەولێر، مەسعود بارزانی دەڵێت: "ڕۆژی (١٦ ی ئایاری ١٩٩٧) چەکدارانی (پ.ک.ک) بەشێوەیەکی زۆر زاڵمانە و درندانە هێرشیان کردە سەر خاڵێکی پاسەوانی سوپای بارزان، لە ئەنجامدا شەش

پێشـمەرگە شـەهید و سـێنزدە کەسـیش برینـدار بـوون، ئەو پەلامارە بەبێ هۆ بوو، بەبێ ئەوەی پێشمەرگەکانمان هیچ کێشە و گرفتێکیان بۆ (پ.ک.ک) دروست کردبێت، دوای تاوانەکە پەکەکەمان ئاگادار کردەوە، کە پێویستە هەولێر چۆڵ بکەن و ماوەی بیست و چوار کاتژمێریان بۆ دانرا، گوتیان باشە، چەند پاسی گواستنەوەمان بۆ ڕەوانەکردن، گوتیان سەرەتا ئافرەت و منداڵ و نەخۆش و برینداره‌کان ڕەوانە دەکەین، دواتر ئێمەش دەردەچـین، وەجـبەی یەکەم بە چەنـد پاسـێک ژمـارەیەک ئـافرەت و منـداڵ گواسـترانەوە بـۆ زارگەلی، کاتێـک خـێزان و منـداڵەکانیان لایـان نەمـان، ئیـدی کەوتـنە سـەنگەرگرتن و سەربانی بارەگاکانیان کردە سەنگەر و دۆشکا و بیکەیسیان تێدا جێگیر کرد، ڕووبەڕووی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش بوونەوە، دوای کۆتایهاتنی ماوەی دیاریکراو بۆیان، بە ناچاریی هێز دژی بارەگاکانیـان بەکارهێنراو دوای شـەڕێکی قـورس، کە بـووە هـۆی شــەهیدبوونی شــەش پێشــمەرگە و پــۆلیس و برینــداربوونی چــواردە کەسی تــر، بارەگاکانیــان گــیراو زۆربەیــان کــوژران و ژمارەیەکیشیان خۆیان ڕادەستکرد، کە نزیکەی شەست کەس بوون".(بارزانی، ٢٠٢١: ل335-336)

لەســـەر ڕووداوەکەی (16/ ئایـــاری 1997) لە هەولـــێر، لە بەیاننـامەی مەکـتەبی سـیاسی (پ.د.ک)دا هـاتووە: "لە دوای چەنـدین جـار ئاگادارکردنەوەی سـەرانی (پ.ک.ک) بـۆ ئەوەی شـەڕ و هێرشی سوپای تورکیا نەگاتە شاری هەولێر و مەترسی لەسەر هەولێر دووربخرێتەوە، داوامان لە (پ.ک.ک) کردووە، کە بنکە و بارەگا سـەربازییەکانیان نەهـێڵن، کە ژمارەیـان (15) بارەگا دەبوو و بیبەنە دەرەوەی هەولێر، چونکە بوونی ئەو بنکە و بارەگایـانە، هەولـێر دەکاتە مەیـدانی شـەڕی سـوپای تورکیـا، ئەوانەی ڕازی بوون، لە ناو شاری هەولێر بە ڕێزەوە بەڕێکران بۆ نـاوچە سـنوورییەکان و ئەوانەی سـەنگەریان گـرت و کەوتـنە بەرگرییکـردن و بۆردومـانکردنی شـار بە سزای خۆیـان گەیشـتن. (برایەتی، ١٩٩٧: ژ٢٣٤٥ ؛ فیان، ٢٠١٢: ل١١٨-١١٩)

لەســـەر هەمـــان ڕووداو ڕۆژنـــامەی (وڵات)، ئۆرگـــانی فەرعی (پ.ک.ک) لە ڕوونکردنەوەیەکــدا دەڵێــت: "لە ڕۆژی (16/ ئایـاری 1997) هێزەکـانی (پ.د.ک) بە سـەرکردایەتی جەمـال مـۆرتکە، فەرمانـدەی سـوپای دووی (پ.د.ک) و بە هـاوبەشی هـێزی ئاشـتیپارێزیی (PMF)ی سـەر بە تورکیـا بە فەرمانـدەی حەسـەن قـاپلان هێرشـیان کـردۆتە سـەر نەخۆشـخانی مـانگی سـووری کوردسـتان و بارەگاکانی یەکێـتی نەتەوەی دیمـوکراتی کوردسـتان (YNDK) و مەڵبەنـدی ڕۆژشـنبیری میزۆپۆتامیـا و ڕۆژنامەی (وڵات) و ڕۆژنامەی (شمس) و یەکێتی ئازادی ژنانی کوردســـتان (YAJK)، لە دوای شـــەڕێکی ســـەخت و دژوار، ســەرجەم بــنکە و بارەگاکــانی (پ.ک.ک) کەوتــۆتە دەســت هێزەکـــانی (پ.د.ک) و لە دوای گـــرتنی نەخۆشـــەکانی نەخۆشـخانەی مـانگی سـووری کوردسـتان، زۆربەیـان بە دیـلی دەکوژرێن. (وڵات، ١٩٩٧: ژ٢٥٥)

لەسـەر هەمـان ڕووداو، جەمیـل بایـک دەڵێـت:"(پ.د.ک) ڕێــگەی داوە هەنــدێک لە هەڤــاڵان دەربــازبن، ئەوانەی کە مابوونەوە بە ئەنقەست دەرباز نەکراون، لەسەر ئەوەی، کە بە تەمـای بەرخـۆدان بـوون، هەر بـۆیە (عوسـمان ئـۆجەلان و بۆتــان)، دوو فەرمانــدەی بــاڵای (پ.ک.ک) بە ئەنقەســت دەربازیــان نەکــردوون. ئەگەر بیــان ویســتایە، دەیــانتوانی دەربازیان بکەن، چونکە هەندێک لە هەڤاڵان دەرباز ببوون و (پ.د.ک) ڕێگەی پێیان دابوو، لە قسەکانیدا جەمیل بایک، هەربەکە لە عوسـمان ئـۆجەلان و بۆتـان، کە دوو فەرمانـدەی بـاڵای (پ.ک.ک) بـوون، لە ناوچەکـانی قەنـدیل تۆمەتبـار دەکات، بەوەی کە هەڤاڵەکانیـان لە هەولـێر دەربـازنەکردووە، ئەوەش بۆ ئەوە بووە، کە (پ.د.ک) ئەوان لەناوببات و شەڕی (پ.ک.ک) و (پ.د.ک) زیـــاتر دژوارببێـــت، بەتـــایبەتی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (پ.د.ک). (جودی، ٢٠١٧: ل٣٦٩)

لە دوای ئەو کوشتارەی، کە لە هەولێر کرا (پ.د.ک) هێرشێکی بەرفـراوانی کـردە سـەر هێزەکـانی (پ.ک.ک) لە ناوچەکـانی ئامێدی و حەفتانین و دهۆک و گارە و مەتین، لە هێرشەکانیاندا سـوپای تورکیـا بەشـداری کـارای هەبـوو لە زۆربەی بەرەکـانی شـەڕدا هەتـا کشـانەوەی سـوپای تورکیـا لە (21/ حـوزەیرانی 1997) گەریلاکـانی (پ.ک.ک) لە زۆربەی بەرەکـانی شـەڕدا تووشی شکست بوون. (برایەتی، ١٩٩٧: ژ٢٣٥٦)

لە (21/ حـــــوزەیرانی 1997) وتەبـــــێژی فەرعی (پ.د.ک) تێکشـــکانی (پ.ک.ک) لە باشـــوری کوردســـتان ڕاگەیانـــد، ئەمەیـش دەق قسـەکانیەتی: "لە دوای عەمەلیـاتی سـەربازیی سـوپای تورکیـا لە باشـوری کوردسـتاندا و ئەرکەکانیـان بەرەو کۆتـایی دەچێـت و (پ.ک.ک) زیـانێکی گەورە و کوشـندەی بەرکەوت، زۆربەی یەکەکـانی سـوپای تورکیـا لە نـاوچەکەدا کشانەوە و هەندێکیان بۆ تەواوکردنی ئەرکەکانیان بەشێوەیەکی کاتی مـاونەتەوە لەسـەر بەشـداریکردنی هێزەکانی (پ.د.ک) لە هێرشـەکاندا زیاتر بەشـداریکردنێکی بەرگری بـووە، بـۆ پاراسـتنی دانیشـتوانی مەدەنی لە ئەگەری هەر دەسـتدرێژییەک و توانـای سەرکەوتووانەی گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە ناوچەیەکی فراوانی گونـدەکانی هاوسـنووری تورکیا لە هەردوو پارێزگای دهـۆک و هەولــێر"، هەروەهــا دەڵێــت، کە "گەریلاکــانی (پ.ک.ک) بەتەواوەتی تارومـــار کـــراون تـــا ڕادەی تێکشـــکانی تەواوەتی هێزەکانیـــان و نـــاوچەیەکی فـــراوان لە دەســـت گەریلاکـــانی (پ.ک.ک) دەرهێــنراوە و بــنکە و بارەگــا جێگیرەکانیــان لە نـاوچەکەدا لەنێـوبراون و هەمـوو بارەگـا سـەرەکییەکانیان و ســـەربازگەکانی مەشـــق و عەمبـــارکردنی چەک و تەقەمەنی و ئازووقەیان دەستی بەسەرداگیراوە، لە شەڕ و پێکدادانەکانی ئەو

ماوەیەدا (پ.ک.ک) زۆربەی هەرە زۆری بنکە و بارەگا سەربازییەکانی خۆیان لە ناوچەکانی (زاب، مەتین، گارە، کەرتی ئامێدی، حەفتانین، چیای سپی، چیای بێخێر، لولان، برادۆست، کەرتی سیدەکان، مزوری باڵا) دەستی بەسەرداگیرا و جگە لەوەش داخستنی بنکە و بارەگاکانیان لە شاری (هەولێر و دیانا)، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر لە گەریلاکانی (پ.ک.ک) بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک) و سنووری ئێران هەڵهاتوون، لە شەڕەکانی (14/ ئایاری 1997 بۆ (21/ حوزەیرانی 1997) (پ.د.ک) باس لە کوژرانی (29) پێشمەرگە و (89) بریندااری هێزەکەی دەکات". (برایەتی، ١٩٩٧: ژ٢٣٥٦)

سەبارەت بە ئاماری کوژراوانی (پ.ک.ک)، دەستەی ئەرکانی گشتی تورکیا لە (21/ حوزەیرانی 1997) زیانەکانی (پ.ک.ک) بە (2601) کوژراو و (444) دیل مەزەندە کردبوو و زیانەکانی سوپای تورکیایان بە (99) کوژراو و (313) بریندارو کەوتنەخوارەوەی دوو هێلیکۆپتەری سەربازیی، جگە لەوەش سوپای تورکیا توانی دەست بەسەر بنکەو بارەگاکانی (پ.ک.ک) بگرێت و بنکە و بارەگاکانیان ڕادەستی هیزەکانی (پ.د.ک) بکات.(حمەکریم، ٢٠٠٧: ل١٣٠ ؛ فیان، ٢٠١٢: ل١١٨) (پ.ک.ک) ئاماری شەڕ و پێکدادانەکانی مانگی (ئایار و حوزەیرانی 1997)ی بڵاوکردەوە، کە باس لە کوژرانی (410) پێشمەرگەی (پ.د.ک) لەگەڵ کوژانی (111) گەریلای (پ.ک.ک) لە شەڕەکاندا دەکات. (کوردستانی نوێ، ١٩٩٧: ژ١٤٣١)

(پ.ک.ک) مانگی یەکەم و دووەمی شەڕەکەیان ناونابوو (شاڵاوی تووڕە) لە بەرامبەر بە هێزەکانی (چەکوشی ئامادە)ی تورکیا و هێزەکانی (پ.د.ک)، قۆناغی دووەمی شەڕیان ناونابوو (ئۆپەراسیۆنی شۆڕشگێڕی) بۆ گرتنەوەی بنکە و بارەگاکانیان، بەتایبەتی لە دوای کشانەوەی هێزەکانی سوپای تورکیا، ئەم قۆناغە لە سەرەتای مانگی (تەموزی 1997)ەوە دەستی پێکرد، کە تایبەت بە هێرشکردن بۆ گرتنەوەی ناوچەکانیان بوو. (وڵات، ١٩٩٧: ژ٢٦٠)

لە سەرەتای مانگی (تەموزی 1997) شەڕی قورس لەنێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) لە ناوچەکانی (حاجی ئۆمەران، چۆمان، سیدەکان، خواکورک) ڕووی دا. (پ.ک.ک) لە هێرشەکانیاندا، هەریەکە لە حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان(ح.س.د.ک) بە سەرکردایەتی عەبدوڵا حاجی محمود و پارتی پارێزگارانی کوردستان(پ.پا.ک) بەشدارییان کردووە، لە (19/ تەموزی 1997) (پ.ک.ک) بە تەواوەتی دەستی بەسەر شارۆچکەی حاجی ئۆمەراندا دەگرێت و هێزەکانی (پ.د.ک) دەکشێنەوە، لە هەمان کاتدا گەریلاکانی (پ.ک.ک) دەست بەسەر شارۆچکەی قەسرێدا دەگرن، دواتر لە هێرشێکدا هێزەکانی سوپای شەشی (پ.د.ک) و سوپای بارزان دەستدەگرنەوە بەسەر قەسرێ و دەوروبەریدا. (پ.ک.ک) باس لە کوژرانی (14) پێشمەرگەی (پ.د.ک) و (6) گەریلای خۆیان دەکات لە شەڕی گرتنەوەی قەسرێ لەلایەن (پ.د.ک)ەوە. (ولآت، 1997: ژ٢٦١ ؛ وڵات، ١٩٩٧: ژ٢٦٢) لە دوای شکانی هێزی (پ.د.ک) لە حاجی ئۆمەران ناوچەکانی چۆمان و قەسرێ (پ.د.ک) لە ڕاگەیەندراوێکدا دەڵێت، کە لە دوای شکستی گەریلاکانی (پ.ک.ک) و هەڵهاتنیان بۆ ناوچە سنوورییەکانی (ی.ن.ک)و ئێران و کۆبوونەوەی پاشماوەی هێزەکانیان لە نزیک هێڵی تەماسی نێوان هەریەکە لە (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) لە ناوچەکانی کۆیە و بالیسان و وەرتێ تا دەگاتە شاخەکانی نزیک حاجی ئۆمەران، پاشماوەی هێزەکانی (پ.ک.ک) بە چاوساغیی و ئاسانکاریی لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک)ەوە هێرش دەکەنە سەر سەنگەرەکانی بەرگری (پ.د.ک) لە ناوچەکەدا بە شەو لە کاتی تاریکیدا بە چالاکی گەریلایی هێرشدەکەن و دواتر دەکشێنەوە ناوچە سنوورییەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک)، ئەمەیش پێشێلکردنی تەواوەتی بەندەکانی ڕێکەوتنامەی ئەنقەرەی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک)ە، ئەمەیش لە کاتێکدایە، کە پاراستنی ئەو ناوچە سنوورییانە لە ئەستۆی هێزی ئاشتیپارێز (PMF) دایە. (برایەتی، ١٩٩٧: ژ٢٣٦١ ؛ برایەتی، ١٩٩٧: ٢٣٧٥)

(پ.ک.ک) بەشدارییکردنی هێزەکانی (ی.ن.ک)ی لە هێرشەکانیان بۆ سەر هێزەکانی (پ.د.ک) ڕەتکردۆتەوە. (وڵات، ١٩٩٧: ژ٢٦٢) جگە لەوەش، فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان (ی.ن.ک) لە (17/ تەموزی 1997) ئەوەی ڕەتکردەوە، کە (ی.ن.ک) یارمەتی (پ.ک.ک)ی دابێت. (ڕەسوڵ، ٢٠٠٧: ل٤٤٦) لە (22/ تەموز تا 30/ تەموزی 1997) شەڕی قورسی نێوان هەردوولا لە دەوروبەری دۆڵی ڕۆستێ و ناوچەکانی دەوروبەری قەزای چۆمان بووە، کە فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆردومانی گەریلاکانی (پ.ک.ک)یان لە دەوروبەری حەساری ڕۆستێ کردووە و ناوچەیەکی زۆریان لە دەست گەریلاکانی (پ.ک.ک) دەرهێناوە. (کوردستانی نوێ، ١٩٩٧: ژ١٤٤١ ؛ برایەتی، ١٩٩٧: ژ٢٣٨٥) (پ.د.ک) باس لە بەشداریکردنی هێزەکانی (ی.ن.ک) دەکات لە هێرشی گەریلاکانی (پ.ک.ک) بۆ سەر سەنگەرەکانی (پ.د.ک) لە دۆڵی ڕۆستێ. (برایەتی، ١٩٩٧: ژ٢٣٨٥) (پ.ک.ک) ئاماری شەڕ و پێکدادانەکانی مانگی (تەموزی 1997)ی نێوان هەردوولای بڵاوکردەوە، باس لە کوژرانی (137) پێشمەرگەی (پ.د.ک) کە (22) پێشمەرگەیان بەرپرسیارییەتی گەورەیان هەبووە، لەگەڵ کوژرانی (78) گەریلا لە شەڕەکانی مانگی (تەموزی 1997). (وڵات، ١٩٩٧: ژ٢٦٣)

له شەڕ و پێکدادانەکانی مانگی (ئاب و ئەیلولی 1997)ی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) (ی.ن.ک) بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ بەشداریی شەڕی نەکرد، بەڵام لە یارمەتییەکانی بۆ گەریلاکانی (پ.ک.ک) بەردەوام بوو، ئەویش بە ڕێگەدان بە هێرشکردنە سەر هێزەکانی (پ.د.ک) لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک)ەوە بەڵام هەریەکە لە(ح.س.د.ک)، هێزەکانیان بە سەرکردایەتی عەبدوڵا حاجی محمود و (پ.پا.ک) هێزەکانیان بە سەرکردایەتی زەید سورچی ڕاستەوخۆ لە دژی هێزەکانی (پ.د.ک) چوونە جەنگەوە، لە ناوچەکانی چۆمان و دەوروبەری و ناوچەکانی نێوان دۆڵی ئاڵانە تا دەگاتە زنجیرە چیای کۆڕەک و بەشدارییان لە شەڕەکانی سێ کوچکەی (ڕەواندز- چیای کۆڕەک- خەلیفان)دا کرد. (محمود، ٢٠٢١: ل٣٩ ؛ برایەتی، ١٩٩٧: ژ٢٣٩٠)

له گەرمەی شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان هەردوولا سوپای تورکیا بۆ پشتگیرییکردنی (پ.د.ک) لە دژی (پ.ک.ک) لە (24/ ئەیلولی 1997) بە قولایی (50)کم و بەشداریی (15- 16) هەزار سەربازی پڕچەککراو بە تانک و فڕۆکە جارێکی تر سنووری هەرێمی کوردستانی بەزاند و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دژی (پ.ک.ک) هەتا (13/ تشرینی یەکەمی 1997)ی خایاند و ناوی ئۆپەراسیۆنەکەی نابوو (سپێدە- بەرەبەیان)، (پ.د.ک) پێشوازی لەم ئۆپەراسیۆنە کرد و هێزەکانی لەگەڵ هێزەکانی سوپای تورکیا بەشداربوون لە شەڕی دژ بە (پ.ک.ک) بە بیانووی هاوکارییکردنی لەگەڵ نەیارەکەی، کە (ی.ن.ک) بوو. (فیان، ٢٠١٢: ل١٢٠) شەڕی نێوان هەردوولا بواری ئەوەی لە بەردەم تورکیادا کردەوە کە (ناوچەیەکی ئارام) لە (22/ تشرین یەکەمی 1997) ڕابگەیەنێت بۆ بەهێزکردنی بوونی کرداریی سەربازیی تورکیا لە ناوچەکە و هاوکاری ئەمنی لەنێوان تورکیا و (پ.د.ک). ئەگەرچی ئەم پشتێنە ئاسایشییە جێبەجێنەکرا، بەڵام دەرئەنجامی ئەم هاوکاریی و پەیوەندییەی نێوان (پ.د.ک) و تورکیا، بووە هۆی جێگیربوونی چەندان بنکە و بارەگای سەربازیی سوپای تورکیا بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە نێو خاکی باشوری کوردستاندا، بە بیانووی ڕووبەڕووبوونەوەی گەریلاکانی (پ.ک.ک). (عبدالکریم، ٢٠١٥: ل٢٨٢ ؛ فیان، ٢٠١٢: ل١٢١)

جگە لە بەشداریی و یارمەتییەکانی سوپای تورکیا بۆ (پ.د.ک) و هێزەکانی حزبوڵڵای شۆڕشگێڕ بە سەرۆکایەتی ئەدهەم بارزانی لە پاڵ هێزەکانی (پ.د.ک) لە ناوچەکانی حاجی ئۆمەران و چۆمان بەشداریی شەڕیان لە دژی (پ.ک.ک) دەکرد. (برایەتی، ١٩٩٧: ژ٢٤٢٦) لە ماوەی هەردوو مانگی (ئاب و ئەیلولی 1997) زۆرترین شەڕ و پێکدادان لەنێوان هەردوولادا ڕووی داوە، ڕۆژنامەی (برایەتی) ئۆرگانی فەرمی (پ.د.ک) باس لە (44) هێرشی گەریلاکانی (پ.ک.ک) دەکات بۆ سەر هێزەکانیان بە هاوکاری هێزەکانی (ی.ن.ک) و (پ.پا.ک) و (ح.س. د. ک) جگە لە کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە هەردوولا، لە ئەنجامی تۆپبارانەکانی (پ.ک.ک) بۆ سەر ناوچەی ئامێدی (9) هاووڵاتی ئاسایی کوژرا و (43) دیکەش بریندار بوو. (برایەتی، ١٩٩٧: ژ٢٤٢٦ ؛ برایەتی، ١٩٩٧: ژ٢٤٩٠)

هەروەها لە کۆتایی مانگی ئەیلول بە دیاریکراوی لە (29/ ئەیلولی 1997) شەڕ و پێکدادان لە نێوان گەریلاکانی (پ.ک.ک) و چەکدارانی (باسک) لە ناوچەی حاجی ئۆمەراندا ڕوویدا، بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەی سەربازیی (باسک) لە (29/ ئەیلولی 1997) داوای لە چەکدارەکانی هێزی سەفین و هەندرێن و قەڵادزێ کردووە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەریلاکانی (پ.ک.ک)، بکەونە حاڵەتی ئامادەباشییەوە. (فیان، ٢٠١٢: ل١١٩ ؛ برایەتی، ١٩٩٧: ژ٢٤٢٨) شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان هەردوولا لە مانگی (تشرینی یەکەمی 1997) بەردەوام بوو هەتا بەرپابوونی خولێکی تری شەڕی ناوخۆی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) کە بە هێرشی (ی.ن.ک) و هاوپەیمانەکانی دەستیپێکرد. (محمود، ٢٠٢١: ل٥٧ ؛ سەنگاوی، ٢٠١٨: ل٥٦٨) شەڕی (گەردەلولی تۆڵەی دووەم) ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییە بوو، کە هێزەکانی (ی.ن.ک) و (پ.ک.ک) و هاوپەیمانەکانیان لە (13/ تشرینی یەکەمی 1997) دەستپێکرد، کردیانە سەر (پ.د.ک) ڕووبەرێکی فراوانی گرتەوە بەدرێژایی (170)کم لە ناوچەکانی سماقوڵییەوە هەتا دەگاتە سەرووی حاجی ئۆمەران، ئەوەی، کە لێرەدا گرنگە، بەشدارییکردنی گەریلاکانی (پ.ک.ک) لەپاڵ هێزەکانی (ی.ن.ک)و هاوپەیمانەکانی لەبەرەی شەڕدا، کە لە چەندین بەرە پێکهاتبوو.(ئەسەسەرد، ٢٠٢١: ل١٩٨١ ؛ محمود، ٢٠١٨: ل٢٠٣)

بەشدارییکردنی گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە قۆڵی چۆمان- حاجی ئۆمەران- سیدەکان بووە، شان بەشانی هێزەکانی (ی.ن.ک) و هاوپەیمانەکانی لە دژی هێزەکانی (پ.د.ک) لە یەک سەنگەردا بوون. (سەعید، ٢٠١٦: ل٢٧١ ؛ محمود، ٢٠١٨: ل٢٠٥) لە زۆربەی قۆڵەکانی شەڕدا هێزەکانی (ی.ن.ک) لە پێشڕەویدا بوون و هێزەکانی (پ.د.ک) لە پاشەکشێدا بوون، بەڵام بەشدارییکردنی گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە دژی (پ.د.ک) وای کرد، تورکیا لە بەرژەوەندی (پ.د.ک) دەستتوەردان لە شەڕەکاندا بکات، شکستی هێزەکانی (پ.د.ک) و سەرکەوتنی هێزەکانی (ی.ن.ک) بە هاوکاری گەریلاکانی (پ.ک.ک) بە تەواوەتی تورکیای ڕاکێشاوە ناو شەڕەکەوە و بەشداریی کارای بە هێزی ئاسمانی و زەمینی لە بەرژەوەندی (پ.د.ک) کرد. یەکەمین هێرشی ئاسمانی تورکیا بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) و (پ.ک.ک) لە قۆڵی چۆمان- حاجی ئۆمەران بوو لە (13/ تشرینی یەکەمی 1997)، چونکە لەم قۆڵەدا گەریلاکانی

(پ.ک.ک) کارایی زیاتریان هەبوو. لەوکاتە بەدواوە فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا کەوتنە بۆردومانکردنی هێزەکانی (ی.ن.ک) و (پ.ک.ک) لە سەرجەم قۆڵەکانی شەڕدا، هەر لە حاجی ئۆمەرانەوە بۆ سماقوڵی. (سەعید، ٢٠١٦: ل٢٧١ ؛ وڵات، ١٩٩٧: ژ٢٧٧)

لەسەر بەشداریکردنی سوپای تورکیا بە هێرشی ئاسمانی و زەمینی، فازڵ میرانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەوکاتەی (پ.د.ک) بە ڕۆژنامەی (برایەتی) ڕاگەیاندووە، کە هاتنی سوپای تورکیا ڕاستەوخۆ بە بوونی (پ.ک.ک) و گەریلاکانی لە باشوری کوردستانەوە بەندە. (برایەتی، ١٩٩٧: ژ٢٤٤٤) بەشداریکردنی گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە هەندێک قۆڵدا، بۆچوونێکی وای لە لای تورکیا دروستکرد، کە دەشێت هەر گۆڕانێکی تەرازووی هێز لە هەرێم بە قازانجی (پ.ک.ک) بشکێتەوە، هەربۆیە سەرکردایەتی سیاسیی تورکیا لە (13/ تشرینی یەکەمی 1997) کەوتە لێدان لە هێزەکانی (ی.ن.ک) و (پ.ک.ک). (ئەسەسەرد، ٢٠٢١: ل١٩٨٢)

شەڕ و پێکدادانی نێوان (پ.د.ک)و (پ.ک.ک) لە ناوچەکانی حاجی ئۆمەران، سیدەکان، چۆمان و شارۆچکەی دیانا بووە، لە سەرەتاکانی ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی تۆڵەی دووەم، گەریلاکانی (پ.ک.ک) دەستیان بەسەر ناوچەیەکی زۆردا لە دەوروبەری سیدەکان و حاجی ئۆمەران گرت، هەتا (7/ تشرینی دووەمی 1997) کە هێرشی (پ.د.ک) بە هاوکاری سوپای تورکیا بۆ گرتنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (پ.ک.ک) لە (15/ تشرینی دووەمی 1997) دەستپێدەکات. سوپای تورکیا بە هاوبەشی لەگەڵ هێزەکانی (پ.د.ک) و بە پشتیوانی تانک و زرێپۆشەکانی سوپای تورکیا هێرشێکی فراوانیان بۆ سەر گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە چیای هەندرێن- ماویلان- حسن بەگ- شارۆچکەی سیدەکان کرد، کە بۆ ماوەی یەک ڕۆژ شەڕ بەردەوام بوو. لە (16/ تشرینی دووەمی 1997) هێزەکانی (پ.د.ک) بە تەواوەتی دەستیان بەسەر شارۆچکەی سیدەکان و دەوروبەریدا گرتەوە، لە (17/ تشرینی دووەمی 1997) لە دوای شەڕێکی سەخت و دژوار، دۆڵی خانەقا و دەرگەڵە و قەسرێ و دۆڵی ڕۆستێ لەلایەن هێزەکانی (پ.د.ک) دەستی بەسەردا گیرا، لە (19/ تشرینی دووەمی 1997) کۆتا ناوچەی ژێر دەسەڵاتی (پ.ک.ک)، کە ناوچەکانی وەرتێ و دەوروبەری بوون، دەستی بەسەردا گیرا. (برایەتی، ١٩٩٧: ژ٢٤٦٣ ؛ وڵات، ١٩٩٧: ژ٢٧٩)

لە دوای گرتنەوەی زۆربەی ناوچەکانی پێش هێرشەکانی گەردەلوولی تۆڵەی دووەم لە (تشرینی یەکەمی 1997) بە یارمەتی سوپای تورکیا لە (24/ تشرینی دووەمی 1997) (پ.د.ک) بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ، ئاگربەستی یەکلایەنەی ڕاگەیاند. فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگەی (پ.د.ک) لە ڕاگەیاندراوێکدا ڕایگەیاند، کە لە لای خۆیانەوە شەڕ و تەقە ڕادەگرن و لە هەڵوێستی بەرگریدان تا ئەوکاتە پابەندی بە ئاگربەستەوە دەکەن، کە (پ.ک.ک) و لایەنی سێیەم لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک)ەوە هێرش نەکەنە سەر هێزەکانی (پ.د.ک) بە پێچەوانەوە پابەند نابن بە ئاگربەستەوە. (برایەتی، ١٩٩٧: ژ٢٤٦٩ ؛ سەنگاوی، ٢٠١٨: ل٥٨٤)

بۆ ڕۆژی دواتر (ی.ن.ک)یش ئاگربەستی قبوولکرد بەوەش کۆتایی بە خولی چوارەمی شەڕی ناوخۆ لە نێوان هەریەکە لە (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) و گەریلاکانی (پ.ک.ک) هات، لەم خولەی شەڕدا لە پاڵ هێزەکانی (ی.ن.ک)دا بەشداریی شەڕیان لە دژی (پ.د.ک) کرد. (فیان، ٢٠١٢: ل١٢٣ ؛ سەنگاوی، ٢٠١٨: ل٥٨٣) لەسەر ئاماری کوژراوانی نێوان هەردوولا، (پ.د.ک) باس لە کوژرانی (700) پێشمەرگە و گەریلا لە شەڕەکانی (13/ تشرینی یەکەمی 1997) و خولی چوارەمی شەڕی ناوخۆ دەکات. (برایەتی، ١٩٩٧: ژ٢٤٤٨) لەگەڵ ئەوەشدا هێزەکانی (ARGK) باڵی سەربازیی (پ.ک.ک) لە ڕاگەیاندراوێکدا (7) مانگی شەڕی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک)ی بڵاوکردەوە، باس لە کوژرانی (1320)پێشمەرگەی (پ.د.ک) لە (16/ ئایاری 1997) بۆ (14/ کانوونی یەکەمی 1997) دەکات. (وڵات، ١٩٩٧: ژ٢٨١) ئاماری کوژراوانی شەڕی ناوخۆ ئەگەر چی ئاماری ڕاست و دروست نین و زۆرێک لە لایەنگیریی لەلایەن پارتە شەڕکەرەکانی باشوری کوردستانەوە پێوە دیارە، بەڵام دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە پارتەکان لە بەرامبەر یەکتری لە چ شەڕێکی ناوخۆیی خوێناویدا بوون.  شەڕ و پێکدادانی نێوان گەریلاکانی (پ.ک.ک) و هێزەکانی (پ.د.ک) تا ساڵی (1998) ناوبەناو هەر بەردەوام بوو، هەتا (1/ ئەیلولی 1998) (پ.ک.ک) ئاگربەستی ڕاگەیاند. بەم شێوەیە لە دوای ساڵانێکی زۆر لە شەڕی ناوخۆیی نێوانیان، کۆتایی بە شەڕ و گرژییەکانی نێوانیان هات، هەتا ڕێکەوتنامەی واشنتۆن لەنێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) بە نێوەندگیری ئەمریکا لە (17/ ئەیلولی 1998)، قۆناغێکی تر لە مێژووی پەیوەندی نێوان هەردوولا دەست پێدەکات. (گەوهەری، ١٩٩٩: ل١١٧ ؛ وڵات، ١٩٩٨: ژ٣١٩)

خولی دووەمی شەڕی ناوخۆیی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک)، لەگەڵ لەشکرکێشییەکانی سوپای تورکیا لە (ئایاری ١٩٩٧) و درێژە کێشانی شەڕەکە تا کاتی بەرپابوونی خولێکی تری شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لە (تشرینی یەکەمی ١٩٩٧) و شەڕەکانی گەردەلولی تۆڵەی دووەم و بەشداریکردنی (پ.ک.ک) لەگەڵ (ی.ن.ک) و هاوپەیمانەکانی لە دژی (پ.د.ک) هاوکات بوو، هاتنە ناوەوەی سوپای تورکیا و لێدان

له هێزەکانی (پ.ک.ک) و (ی.ن.ک) شکستی هەردوو هێزەکە له بەرامبەر سوپا و هێزی ئاسمانی تورکیا و (پ.د.ک)، له دوای ئەم خولەی شەڕی نێوانیان ناوبەناو شەڕ له نێوان هەردوو هێزەکەدا هەبوو تاوەکو (ئەیلولی ١٩٩٨).

## دەرئەنجام

**یەکەم**: سالآنی (1994- 1998) قۆناغێکی گرنگ بوو له پەیوەندی و شەڕی ناوخۆیی نێوان پارتەکان له باشوری کوردستان و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) له (ئاياری 1994) وکاریگەرییەکانی لەسەر پارتەکانی تری باشوری کوردستان، سەرقاڵیی (پ.د.ک) به شەڕی (ی.ن.ک) و دروستبوونی بۆشایی دەسەڵات له ناوچە سنوورییەکان و دەستبەسەرداگرتنی له لایەن گەریلاکانی (ی.ن.ک)وە و پەیوەندی نێوان هەریەکە له (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) بەرەو ئاڵۆزیی و شەڕی ناوخۆیی له (ئابی 1995) و درێژەکێشانی شەڕ بۆ ماوەی (4) مانگ لەنێوان هەردوولادا؛

**دووەم**: شەڕی (ئابی 1996)ی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) درێژکراوەی شەڕی ناوخۆیی پارتەکان لە باشوری کوردستان بوو، ئەم شەڕە لەگەڵ ڕێکەوتنی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) له (درۆگیدا- دبلن) هاوکات بوو، کە بۆ ماوەی (4)مانگ بەردەوام بوو، بە شکستی (پ.ک.ک) و ڕاگەیاندنی ئاگربەست لەلایەن (پ.ک.ک)وە کۆتایی پێهات؛

**سێیەم**: له کۆتاییهاتنی خولی یەکەمی شەڕی نێوان (پ.ک.ک) و (پ.د.ک) زۆرێک له کێشەکانی نێوان هەردوو پارت بە چارەسەرنەکراوی مایەوە و پەیوەندی نێوان هەردوولا ئاڵۆز بوو، ئەوەیش بۆ دروستبوونی خولێکی تری شەڕی ناوخۆیی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) ڕێگەخۆشکەر بوو؛

**چوارەم**: هەریەکە له دەوڵەتی تورکیا و کۆماری ئیسلامی ئێران و (ی.ن.ک) ڕۆڵی کاریگەریان له ئاڵۆزی پەیوەندییەکان و شەڕی ناوخۆیی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) له ماوەی سالآنی (1994- 1998) هەبووە؛

**پێنجەم**: ڕێکەوتنی (ئازاری 1996)ی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) نەیتوانی چارەسەری کێشەکانی نێوان هەردوولا بکات، بووە هۆی دروستبوونی خولێکی تری شەڕ و ململانێ لەنێوان هەردوولادا له (ئاياری 1997)، کە تا (ئەیلولی 1998) درێژەی کێشا.

**تێبینی:**

* کەمپی ئەترووش: (UNHCR) له ناوەڕاستی (حوزەیرانی 1994) دایمەزراند بۆ ئەو هاوڵاتیانەی کە له باکوری کوردستانەوە ئاوارە بوون کە ژمارەیان نزیکەی (10,000) دە هەزار کەس دەبوو کە له هێرشیەکانی سوپا و فڕۆکەکانی تورکیا هەڵهاتبوون و گوند و شارەکانی خۆیان بەجێ هێشتبوو، کەمپەکە له (26/ ئەیلولی 1994) بە فەرمی کرایەوە. (مکتب العلاقات، 1999: ص6- 16)

** شالآوی بروسک: ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییە بوو، کە (پ.ک.ک) له شەوی (25- 26/ ئابی 1995) کردیە سەر بنکە و بارەگاکانی (پ.د.ک) کە بە زنجیرەیەک هێرشی سەربازی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی (پ.د.ک) دەستیپێکرد کە زۆرترین ناوچەی گرتەوە و ناوی لێنابوو شالآوی بروسک. جەمیل بایک لەسەر شالآوی بروسک دەڵێت:"ئەم شەڕە زۆر گرنگ بووە وەک (15/ تەباخی دووەم) خۆی دەنواند، مەبەست له (15/ تەباخی دووەم) مەبەستی له دەستپێکی خەباتی چەکداریی (پ.ک.ک) بوو له دژی تورکیا". (جومعە، 2004: ل394 ؛ وڵات، 1995: ژ106)

## لیستی سەرچاوەکان


1- ئەسەسەرد، فەرید، ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب3، چ٤، (سلێمانی،٢٠٢١).

2- بارزانی، مەسعود، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (١٩٩١- ٢٠٠٢ )، ب٥، چ١، چاپخانەی ڕۆکسانا، (هەولێر حوزەیرانی ٢٠٢١).

3- بینگیۆ، ئۆفرا، کوردی عێراق بنیاتنانی دەوڵەتێک له ناو دەوڵەتدا، و: سۆران مستەفا کوردی، چ١، چاپخانەی ئاراس، (هەولێر، ٢٠١٣).

4- پ.د.ک/ مەکتەبی دیراسات و توێژینەوە، پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک) و ڕۆڵی له بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوەیی کوردستاندا، چ1، (له بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و توێژینەوە، 1996).

5- حسۆ، مراد خۆشەڤی، گۆڕانکارییەکانی کوردستانی عێراق و پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق (١٩٩٠- ٢٠٠٥)، چ١، (هەولێر، ٢٠٠٨)

6- حمەکەریم، هێرش عەبدوڵا، پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا (١٩٩١-١٩٩٨)، چ١، (سلێمانی، ٢٠٠٧).

7- جلیل، هاوکار محێدین، دۆزی کورد له سالآنی (1980- 1999)، چ١، چاپخانەی هاشم، (هەولێر، ٢٠١٢).

8- جودی، حەسەن، مێژوویەک له ئاگر، ب2، چ4، (سلێمانی، 2017).

9- جومعە، هەڤاڵ، مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان، ب2، چ٣، (هەولێر، ٢٠٠٤)

10- سیف الدین، بیار مسطفی، کێشەی کورد له پەیوەندییەکانی ئەمریکا- تورکیا، و: سەرمەد ئەحمەد، چ١، (هەولێر، ٢٠٠٩).

11- ڕەسول، فاتیح، له پێناوی دەسەڵاتدا، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، (هەولێر، ٢٠٠٧).

12- الزمیدي، عیماد، تورکیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، و.شاناز ڕەمزی هیرانی، چ1، (سلێمانی، 2015).

13- ستار، سەردار، شۆڕشی گەل و دەسەڵاتی خۆسەپێن باشوری کوردستان (١٩٧٥-٢٠١٩)، (٢٠٢١).

14- سەعید، حمەی حمە، دەنگی خاک، بیرەوەری (١٩٩١- ٢٠٠٠) ب2، چ١، چاپخانەی هەژار موکریانی، (سلێمانی، 2016).

15- سەنگاوی، محمود، بیرەوەرییەکانی سەنگاوی، چ٣، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، (سلێمانی، ٢٠١٨).

16- عبدالکریم، سەلام، پارتی کرێکارانی کوردستان له پێوەندییە هەرێمییەکانی تورکیادا (1980- 1999)، چ١، (تاران، ٢٠١٥).

17- غەریب، دیار، خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی کوردستان، چ٣، (سلێمانی، 2015).

18- گەوهەری، حامید، کۆماری دیموکراتی، چ1، چاپخانەی نینا، (سوید، 1999).

19- گەوهەری، حامید، پارتی کرێکارانی کوردستان لە عەبدوڵا ئۆجەلانەوە تا جەمیل بایک، چ1، (هەولێر، 2016).

20- محمود، محمد حاجی، ڕۆژمێری پێشمەرگەیەک (١٩٩٧- ٢٠٠٤)، ب٥، چ١، چاپخانەی هەژار موکریانی، (سلێمانی، ٢٠٢١).

21- هەریری، فرەنسۆ، پەکەکە چما وادەکا؟، چ1، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی برایەتی، (هەولێر، 2000).

22- مكتب العلاقات والاعلام في محافظة دهوك: مخيم أتروش حقائق الخفية و ممارسات PKK، الطبعة الاولى، 1999.

23- فيان، اياد عجاج، العلاقات بين حزب العمال الكوردستاني والأحزاب الكوردية في العراق (1984- 1999)، نامەیەکی ماستەرە پێشکەش بە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی دهۆک کراوە، 2012.

24- محمود، مەسعود، شاری سلێمانی (١٩٨٨- ٢٠٠٣) نامەی ماستەر، پێشکەش بە بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، ٢٠١٨.

25- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محمد حمە امین پێنجوێنی)، سلێمانی، (2022/5/19).

26- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(2336)، (1997/5/25).

27- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(2135- 2136)، 1995/8/27.

28- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(2139- 2140- 2141)، 1995/10/17.

29- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(2142- 2143- 2144- 2145)، 8/ تشرینی دووەمی 1995.

30- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(2149)، 1995/12/16.

31- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(2339)، 1997/5/28.

32- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(2342)، 1997/6/2.

33- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(2343)، 1997/6/3.

34- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(2345)، 1997/6/5.

35- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(2356)، 1997/6/22.

36- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(2361)، 1997/6/29.

37- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(2375)، 1997/7/20.

38- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(2385)، 1997/8/3.

39- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(2390)، 1997/8/10.

40- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(2400)، 1997/8/21.

41- ڕۆژنامەی برایەتی (2490)، 1997/9/3

42- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(2426)، 1997/9/28.

43- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(2428)، 1997/9/30.

44- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(2444)، 1997/10/21.

45- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(2448)، 1997/10/27.

46- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(2463)، 1997/11/17.

47- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(2469)، 1997/11/25.

48- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(96)، 20/ تشرینی یەکەمی 1994.

49- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(118)، 8/ کانوونی دووەمی 1995.

50- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(86)، 28/ ئابی 1995.

51- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(91)، 14/ ئەیلولی 1995.

52- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(99)، 12/ تشرینی یەکەمی 1995.

53- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(98)، 9/ تشرینی یەکەمی 1995.

54- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(106)، 6/ تشرینی دووەمی 1995.

55- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(115)، 7/ کانوونی یەکەمی 1995.

56- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(117)، 1995/12/14.

57- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(255)، 2/ حوزەیرانی 1997.

58- ڕۆژنامەی وڵات، (255)، 2/ حوزەیرانی 1997.

59- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(260)، 7/ تەموزی 1997.

60- ڕۆژنامەی وڵات، (261)، 14/ تەموزی 1997.

61- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(262)، 21/ تەموزی 1997.

62- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(263)، 28/ تەموزی 1997.

63- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(265)، 11/ ئابی 1997.

64- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(277)، 10/ تشرینی دووەمی 1997.

65- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(279)، 24/ تشرینی دووەمی 1997.

66- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(281)، 15/ کانوونی یەکەمی 1997.

67- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(319)، 8/ تشرینی یەکەمی 1998.

68- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(1093)، 1995/9/21.

69- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(1096)، 1995/9/25.

70- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(1116)، 1995/10/18.

71- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(1121)، 1995/10/24.

72- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(1122)، 1995/10/25.

73- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(1431)، 1997/7/3.

74- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(1441)، 1997/7/27.

٧٥- گۆڤاری لڤین، ژ(245)، 2013/9/13.

76- گۆڤاری گوڵان، ژ(54)، تشرینی دووەمی 1995.